زانای مەزن «ڤاسیلی نیکیتین» لەمەڕ فۆلکلۆری کوردی دەڵێ:- (ئەدەبی کوردی لە پلەی یەکەمدا، فۆلکلۆری کوردی‌یە، لەو فۆلکلۆرەدا هەر تەنیا پاشماوە و میراتی نەوە و پشتەکانی پێشوو نابینرێ، بەڵکو ئەورۆش ئەو فۆلکلۆرە بەڵگەیە بۆ توانایی لە ژیاندا و بۆ ڕەنگینی هێزی بەرهەم‌هێنان، کە رۆژ بە رۆژ دەوڵەمەندیی ئەو بەرهەمە تازە دەکەنەوە و فرەوانتر و



زیاتری دەکەن، ئەوەش دەگمەن نی‌یە، کە ڕەگەزی بەرهەمی گەلان هاوسایە بە گۆرانی بووترێ و لە قاڵبی کوردی‌دا دارێژرێ).
لەمەڕ گۆرانی کوردیشدا «ئابۆڤیان» دەبێژی:- (ئەم گۆرانی‌یانە گەیشتوونەتە سنووری پڕی وتەواوی).
لەم بارەیەوە زاناکانی لەمەڕ خۆشمان سەبارەت بە دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی بە تایبەت ڕاو بۆچوونی د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ ئەوەیە:- (گومان لەوەدا نەماوە کە نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان، هۆی ئەمەش تەنێ ئەوە نی‌یە کە ئەدەبیاتی نووسراو نەختێک دەرنگ لەناو کورددا پەیدا بووبێت. بەڵکو ژیانی تایبەتی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆڕانی زوو بە زوو لەم وێنانەدا، بوونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندی‌یە، هەروەک بوونی چەند دیالێکتێک هێندەی تر دەوڵەمەندی کردووە. هەروەها زروفی تایبەتی وای کردووە کە بەشی زۆری ئەدەبی میللی بەناوی خاوەنەکەیەوە بلاو نەبێتەوە و ئەمەش دەماودەم و پشتا و پشت بمێنێتەوە و بچێتە سەر گەنجینەی فۆلکلۆرمان).
ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی زۆری زانا و شارەزاکانی جیهان ئەوەمان بۆ دوپات دەکەنەوە و کۆمەلانی خەڵکیان تێ‌گەیاندووە کە فۆلکلۆر لەگەڵ بوون و سەرهەڵدانی مرۆڤەوە هاتۆتە کایەوە و هەبووە، هەر لەبەر هەندێش بیر و باوەر و عادەتی کۆمەڵگەی کۆن و کولتوری نەتەوایەتی هەر نەتەوەیەک بەپێ‌ی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و قۆناخە جۆر بە جۆرەکانی مێژوویی‌یەوە پاراستووە.
بێ‌گومان لەبارەی فۆلکلۆری کوردی‌یەوە دەبێ هەر یەکێک لە ئێمە شەیدای کولتوری نەتەوەکەی بێ و سەودای لێکۆلینەوە و کۆکردنەوە و ئامادەکردن و تۆمارکردنی بابەتە هەمە جۆرەکانی فۆلکلۆری کوردی بێت. هەڵبەتە ئەو کاتە تووشی چەندان داب و نەریتی کوردەواری دەبی وەک داستان و سەربردەی ئەوتۆ کە زۆر لە خوێنەرانی کوردی هێژا گوێ بیست نەبوون و وەیان هەر بیر و هۆشیان پێ‌نەگەشاوەتەوە، سەرەڕای ئەو مرۆڤانەی کە لە سوچێکی ئەم وڵاتە بن دەستەی ئێمەدا، کە لە قەد پاڵی چیایەک وەیان لەبەر دەرگای ئەشکەوتێکی کۆنی وڵاتی کوردەواری دا ڕووبەڕوو و بەرنگاریان دەبیت، بە مەرجێ بتوانیت بخزێ‌یە ناخیان، ئەو کاتە زیاتر هەست بە بوون و مەزنایەتی خۆت و میللەتە ڕەگ داکوتاوەکەت دەکەیت و ئەو هەوڵ و تەقەلا تاکە کەسی‌یەی رۆشنبیران بە گشتی و فۆلکلۆر پەروەرەکان بە تایبەتی، دەبێتە بچوکترین دلۆپە ئاوی زەریای گەنجینەی نەتەوەکەت.
بێ‌گومان ئەمە شتێکی ئاشکرایە و روونە بۆ هەموو کەسێک، کە نەتەوەی کوردمان خاوەنی سامان و گەنجینەیەکی پڕ گەوهەری نەتەوایەتی خۆیەتی و کە نرخ و فرەوانی فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی میللی و ئەدەبی کلاسیکی‌یە و هەروەها ئەدەبیاتی هاودەمیش بە رێگەی بەرەوپێش چووندا هەنگاوی مەزنی ناوە لەم رووەوە.
هەڵبەتە زمانی کوردیش یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی هیندو ئەوروپی، بەلاّم لێکۆلینەوەی زانستی ئەم ئەدەب و زمانە لە رادەی ئەدەبی زمانەکە خۆیدا نی‌یە. هەروەکو بۆمان ئاشکرایە کە فۆلکلۆر بەرهەم و دەستکەوتی بەهرەی بە هەزارانساڵی ژیانی پێش ئێستای ئێمە بووە.
هەر بۆیەش تەنیا پەیوەندی بە ئەدەبەوە نیە و بەس، بەڵکو پەیوەندی بە هەموو لایەکانی ژیانی باوباپیران و ئەو کەلوپەلەی کە بەکار هاتوون لە نێو ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری‌دا.
بێگومان لە نێو بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی‌دا، پەند و چیرۆک و گۆرانی و داستان، ناوەرۆکێکی فرەوان و دەوڵەمەندی‌یان هەیە. ئەویش بریتی‌یە لە بوونی میللەت، میللەت لە فۆلکلۆردا رۆلێکی گرنگ دەبینێ بۆ پێشخستنی

# بەرەو فۆلکلۆر و فولکلۆری کوردی

فەخرەدین گەردی

فۆلکلۆر بریتی‌یە لە کولتوری هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی ئەم جیهانە، بە واتایەکی تر فۆلکلۆر کولتورێکی پڕ بە نرخی نەتەوایەتی‌یە بۆ هەموو جیهان.

ئەگەر بمانەوێ باس لە فۆلکلۆر بکەین، دەبێ پێش هەموو شتێک بزانین کە وشەی فۆلکلۆر چ مانایەک دەبەخشێ و لە چی‌یەوە هاتووە؟؟

وشەی فۆلکلۆر وشەیەکی لێکدراوە. وشە لێکدراوەکە یەک مانای گشتی دەبەخشێ، وشەی فۆلک: بە مانای میللەت دێ و لۆر: بە مانای زانست دێ، کەواتا بە هەردوو ماناکەیەوە مانایەکی گشتیمان پێ دەبەخشێ، واتە (زانستی میللەت).

ئەوەی شایانی باسە، وشە ئەڵمانی‌یەکەیە، واتە وشەی (Volks kunde) «ڤۆلکس کەند»ی ئەڵمانی بەیەک مانا و یەک واتا بەکار هێنراون، کە لە بنچینەدا هەر دوو وشەکە هەڵقوڵاوی یەک کانیاوی رۆشنبیری و لە لایەنی کۆمەڵایەتی‌یەوە دەدوێن و یەک ماناشمان پێ‌دەبەخشن. چونکە وشەی ڤۆلکس کەندی ئەڵمانی بە مانای (ژیری میللەت) دێت کە لە سەرەتای ساڵەکانی (١٨.٦-١٨.٨)ی زایینی‌یەوە زیاتر لە نێو ئەو میللەتانە سەری هەڵداوە کە بە زمانی ئەڵمانی دواون، وەک میللەتانی نەمسا و ئەڵمانیا.

هەر چەندە فۆلکلۆر خۆی زۆر کۆنە، بەڵام ئەم وشەیە، تازەیە...... چونکە لە ساڵی (١٨٤٨)ی زایینی ئەم ناوەی لێنراوە، ئەویش زانای ئینگلیزی (ولیام جۆن تۆماز) پێشنیاری کرد کە فۆلکلۆر بۆ کولتوری نەتەوایەتی هەر نەتەوەیەک بەکار بهێنرێت.

هەر بۆیە ئێمە لە ناساندنی وشەی فۆلکلۆر دەبێژین فۆلکلۆر پاشماوە و میراتێکی دێرین و نەمری لەبن نەهاتووی بە هەزاران ساڵ لە پێش ئەورۆدا بووە و بۆ میللەتان ماوەتەوە. یانیش فۆلکلۆر کولتورێکی نەتەوایەتی‌یە بۆ هەموو جیهان.

فۆلکلۆر ئەوەیە کە لە نێو خەڵکدا ئێجگار زۆر بلاوە، لە ولاتانی رۆژهەلاتدا، بە تایبەتی لە کوردستان، بێ‌گومان بلاو بوونەوەی خوێندەواری و شارەزابوونی خەڵک لەگەڵ ئەدەبی نووسراودا، بۆتە هۆی ئەوەی کەم کەس هەیە شتێک لە فۆلکلۆری گەلەکەی خۆی نەزانێ و لە بەری نەبێ و بە ووتن و گێرانەوە دەری نەبرێ.

فۆلکلۆر کەرەسەیەکی فرەوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆلینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەموو میللەتێک، تەنانەت کەرەسەشە بۆ زانایانی کۆمەڵ و کۆمەلایەتی و ئەتنۆگرافیاش.

ئەدەبیاتناسان بایەخێکی گەورەیان داوە بە فۆلکلۆر.

نووسەری روس مەکسیم گۆرکی دەبێژی: (لە رووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسووف و شاعیر میللەت خۆیەتی، هەر ئەویش بەرهەم هێنەر و خوڵقێنەری ئەو هەموو هۆنراوە و داستانەیە کە لە کەڵچەری جیهاندا هەیە......).

«چێرنشیڤسکی» لە بارەی فۆلکلۆرەوە دەبێژی: (هونراوەی گەل و گۆرانی‌یەکانی، ژیان و مێژوو و رەسم و عادەتی خەڵکی پاراستووە).

لە شوێنێکی تر مەکسیم گۆرکی دەبێژی: (بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆر واتە لە ئەدەبی خەڵکدایە، فۆلکلۆر کەرەسەیەکی خاوی مەزن و کان و سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران، گەر بە باشی لە رابردوو بگەین، بەرهەمی ئەورۆمان زۆر رەنگین دەبێ و ئەوسا زۆر بە ووردی لە گرنگی‌ی فۆلکلۆر دەگەین).

هەروەها زانای بەنێوبانگ ئەلکساندر گراب دەنووسێ:-«فۆلکلۆر زانستی‌یەکی مێژوویی‌یە».

ئەوەی شایانی باسە ئەم وتانە بەسەر فۆلکلۆری هەموو گەلاندا دێتە دی. زانایانی رۆژهەلاتناس دەربارەی «فۆلکلۆری کوردی»یش گەلەک وتەیان هەیە کە شایانی تۆمار کردنن.

لەمەڕ فۆلکلۆری کوردی‌یەوە رۆژهەلاتناس و بیرروناکی گەورەی ئەرمەنی «ئابۆڤیان» دەنووسێ:- (هەموو کوردێک، تەنانەت پیرەمێردە نەخوێندەوارەکانیش گیانی شاعیرانە وا لە ناخی دەروونیاندا. هەموویان لە گۆرانی ووتندا خاوەنی توانان، زۆر بە سادەیی، لەسەرخۆ، گۆرانی ئەڵێن، بە دۆڵ و چیا و تاڤگە و روبار و وگوڵ و چەک و ئەسپ و ئازایەتی وکچی جوانی خۆیان و بە نازداریاندا هەڵئەدەن، ئەمانە هەموو لە قوولایی هۆش و دەروونیانەوە دێتە دەرەوە......).

دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی سەرنجی گەلەک زانا و رۆژهەلاتناسی ڕاکێشاوە و بۆتە هۆی ئەوەی گەلەک وتەی جوان و راست و رەوانیان لەبارەوە بنوسن، ئەو وتانەش شایانی ئەوەن، کە خوێندەوارانی کورد لێیان بە ئاگابن. هەروەها ئەو کارانەی هەر لە زووەوە تا ئەورۆ لە تۆمار کردن و لێکۆلینەوەی فۆلکلۆری کوردی‌دا کراون پێویستە فەرامۆشیان نەکەین.

ماڕ، کە زانایەکی مەزن و زمان‌زان و رۆژهەلاتناسێکی ناسراوە، لە وتارێکدا کە لە ساڵی «١٩١٩» نووسیوی‌یە، ئەو راستی‌یەمان بۆ دەردەخات کە فۆلکلۆری کوردی تەنێ لە نێو کورد خۆیدا بلاو نی‌یە، بەڵکو لە نێو گەلانی تری رۆژهەلاتیشدا، وەک عارەب و فارس و ئازەربایجانی و ئەرمەنی و ئاسوری‌دا باوە.

www.arsivakurdi.org

کیماوی .
زۆربەی هەمان ئەم نیشانانە لە کاتی سەرما بووندا دیار دەدەن ، ئەگەر لەش نەیتوانی بەسەر بەکتریاکاندا زاڵ بێت ئەوکاتە دەبێت دژە زیندەکان ANTIBIOTIK بەکار بهێنرێ . هەندێ جار مرۆڤ خۆی دەتوانێ یارمەتی دەزگای بەرگری لەش بدات ، بۆ نموونە بەشی سەرەوەی لەش و سەر ڕێک ڕابگرەو لەکاتی نوستندا سەرت بەرز ڕابگرە ( چەند سەرینێک بخەرە ژێر سەرتەوە ) بەم شێوەیە خوێن کەم دەچێت بۆ سەرو بۆ لینجە پەردەی ناو لووت .

### ***لەوانەیە دڵۆپی لووت یارمەتی بدات***

دڵۆپی لووت NASSDROPPAR یارمەتی دامرکاندنەوەی ئاوساندنی لینجە پەردەی ناو لووت دەدات لە دوای نزیکەی پێنج خولەکەوە تا ماوەی نزیکەی هەشت تا نۆ کاتژمێر کاریگەر دەبێت .
ئەم دڵۆپانە لە کاتێکدا بەبێ ڕەچەتەی پزیشک بەکار دەهێنرێت کە هۆی لووت گیرانەکە سەرما بوون بێت . بەڵام لەکاتی لووت گیراندا بەبێ سەرما بوون خۆت پیشانی پزیشک بدە بۆ چارەسەرکردن .
ئەم جۆرە دڵۆپانە نابێت زیاتر لە دە ڕۆژ بەکار بهێنرێن ، ئەگەر پاش ئەم ماوەیە لووت گیرانەکە باش نەبوو ئەوا پەیوەندی بکە بە پزیشکەوە . بەکار هێنانی دڵۆپی لووت بۆ ماوەیەکی زۆر کار دەکاتە سەر لینجە پەردەی ناو لووت و تووشی ڕاهێنانی دەکات واتە ئەگەر ماوەیەک دڵۆپەکان بەکار نەهێنیت دووبارە لووت دەگیرێتەوە .

ناوی هەندێ دڵۆپ یان سپرای لووت
LLIADIN, NEZERIL, OTRIVIN, ZOLIN .

* سەرچاوە
APOTEKET
TIDNING FOR APOTEKENS KUNDER , NUMMER 4 , 1989
NASSTAPPA

# پەنابەرەکانی کوردی عێراقی لە تورکیا

## لە مردنێکی لەسەرخۆدا دەژین

لەمانگی ئەیلولی ١٩٨٩ دا یەک ساڵ بەسەر ئاوارەبوونی دەیان هەزار کوردی عێراقی لەناو کامپەکانی دیلی و دەستبەسەریدا لە تورکیا تەواو بوو .
پەنابەران لەناو پەرژینی تەلی دڕکاویدا دەژین . بەتایبەتی ژن و منداڵ ، بەشەو بە ڕۆژ لەناو کامپەکاندا وەکو بەندی دەستبەسەرن . لەبەر کەم خۆراکی و نەبوونی ئاوی پاک و ژیانی ناو چادرو ژووری تەنگ گەلێک نەخۆشی بەشێوەی وەبا ( ئەپیدیمیک ) لەناو پەنابەرەکاندا بڵاوبوونەتەوە کە بۆتە هۆی مردنی بەکۆمەڵ بەتایبەتی لەناو منداڵەکاندا .
دیسان پەنابەرەکان لەبارێکی سایکۆلۆگی یەکجار سەختدا دەژین لەژێر هەڕەشەی کاربەدەستانی تورک . تا ئێستا مافی پەنابەریان پێ نەدراوە کە یاسا نێو نەتەوەییەکان دیاریکردوون ، هەر بۆیەش پەنابەران بێبەشن لە هەموو سەرپەرشتی و هاوکارییەکی خاچی سوور کۆمیتەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆمافی پەنابەران (UNHCR) و هەموو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی تەندروستی و مافی مرۆڤ لەجیهاندا. پاشەڕۆژیان تاریک و نادیارە و بەردەوام لەژێر مەترسی بەزۆر گێڕانەوە بۆعێراق دەژین، ئەم مەترسییەی کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاترو دیارتر دەبێ بەهاتوو چۆکردنی نوێنەرانی ڕژێمی عێراق بۆ تورکیا و بۆ ناو کەمپەکانی پەنابەران، بەڕەزامەندی و هاوکاری کاربەدەستانی تورکیا. زیاتر لە دوو هەزار پەنابەر لە کەمپی ( مێردین ) دا نەخۆش کەوتن، چەند ڕۆژێک دوای سەردانی وەفدێکی ڕژێمی عێراقی بۆ ناو کەمپی ناو براو لە ڕۆژی ١٩٨٩/٥/١٩
هەر لەیەکەم ڕۆژی هاتنی پەنابەران بۆ تورکیا ، کۆمەڵەکەمان ( کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان / سوێد) لە پێناوی هاوکاری و یارمەتیدانیاندا هەموو توانای خۆی تەرخانکردووە و هەتا ئێستاش لە خەباتدایە .



د. عەبدولباقی ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی کۆمەڵەکەمان دوای سەردانەکەی بۆ تورکیا لەماوەی ١١/٢ تا ١٩٨٨/١٢/١٧ بەناوی کۆمەڵەکەمان و بەهاوکاری ڕێکخراوی سویدی بۆ پاراستنی منداڵ (RADDA BARNEN ) ڕاپۆرتێکی بە ئینگلیزی چاپکرد. لە ژمارەکانی داهاتوودا زنجیرە نووسراوێک دەربارەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەو هەواڵی کۆن و نوێ ی پەنابەران لەبارەی تەندروستی و مرۆڤایەتییەوە لە گەڵ کردەوەو نەکردەوەی کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانی کاروباری پەنابەران و مافی مرۆڤ لەم بارەیەوە دەخەینە پێش چاوی خوێنەرانی بەربانگ .

**کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان**
**( سوید ) ( ک.پ.ک- س )**

# لووت گیران

وەرگێڕانی لە سویدییەوە
**بەرزان بێکەس**

لووت گیران بەزۆری لەئەنجامی بەرگری لەش دژی ڤایرۆسی سەرما بوون روو دەدات .

هەروەها ئەوانەی کە هەستیارییان هەیە بۆ نمونە دژی هەڵاڵە ، لووتیان دەگیرێت . لە هۆیەکانی تری لووت گیران گۆڕانی هۆرمۆنەکانی لەش لە کاتی سک پڕی دا .

ئەرکەکانی لووت بریتییە لە بۆن کردن و پاککردنەوەی هەوا .

گەردی بچووک لە شێوەی تۆزو بەکتریادا بە لینجە پەردەی ناو لووتەوە دەگیرسێتەوە و ناتوانێت بگاتە سییەکان . خانە رووکەشییەکانی سەر لینجە پەردەی ناو لووت کونی بچوکیان هەیە کە یارمەتی گواستنەوەی لینجە شلەی ناو لووت دەدەن بۆ ناو قوڕگ .

لە کاتی پژمین دا ئەو گەردانەی بە لینجە پەردەی ناو لووتەوە گیرساونەتەوە دەر ئەپەرنە دەرەوە .

## پژمین بەرگرییە

لە کاتی پژمیندا لینجاوی ناو لووت دێتە دەرەوەو لە هەمان کاتدا مرۆ هەست بە لووت گیران دەکات .

ڤایرۆسی سەرما بوون لە ڕێگای دەستەوە یان هەواوە خۆی گەیاندۆتە لووت ، لە کاتێکدا ڤایرۆس پەلاماری لینجە پەردەی ناو لووت دەدات ، هەوکردن روو دەدات ، موولولەکانی خوێنی ناو لووت دەکشێن و پڕ خوێن دەبن . ژمارەی خڕۆکە سپییەکانی خوێن زیاد دەکات بۆ بەرگری کردن لەلەش .

لینجە پەردەی ناو لووت دەئاوسێن و دەبێتە هۆی لووت گیران لە هەمان کاتدا روو کەشە خانە کانی سەر لینجە پەردەی ناو لووت شلەیەک دەردەدەن بۆ فڕێ دانە دەرەوەی ڤایرۆس .هەفتەیەک پاش ، لووت گیرانەکە نامێنێت و بەم شێوەیە ڤایرۆسی سەرما بوون قەڵاچۆ دەکرێن .

ئەمە بوو کورتە باسێکی چۆنیەتی لووت گیران .

بەڵام هەندێ کەس هەن کە هەر لە مانگی ئەپریل تا سێپتەمبەر بە بەردەوامی لووتیان دەگیرێت و ئاو لە لووتیان دێت و دەپژمن .

بە تایبەتی ئەوکاتانەی کە تیشکی رۆژ بەهێزەو هەوا گەرمە ، ئەمە بۆ ئەوانەی کە هەستیارن دژی هەڵاڵە .

هەروەها تەپ و تۆز، تووکی هەندێ گیانەوەر و هەندێ جۆری خواردن هەمان ناڕەحەتی دروست دەکەن .

لەکاتێکدا بۆ نمونە هەڵاڵە دەگاتە کۆ ئەندامی هەناسە ، ماددەیەک بەناوی هستامین دەرپژرێت کە دەبێتە هۆی کشانی موو لولەکانی خوێنی ناو لووت و لە ئەنجامدا لووت ئاو دەکات و زۆر جار تەنانەت چاویش سوور دەبێت و ئاو دەکات .

ئەو دەرمانانەی کە کاری هەستامین لەکار دەخەن پێیان دەگوترێ دژە هستامین ( ئەنتی هەستامین ) کە لە کاتی لووت گیراندا سوودیان لێ وەردەگیرێت .

هەندێ دەرمانی تر ناهێڵن هستامین بڕژرێت لە وانەش بۆ نموونە لۆمیوداڵ LOMUDAL

عەروەها لەوانەشە هۆی لووت گیران هەستیاری بێ. بەبێ ئەوەی بە هۆی ماددەیەکی ناسراوەوە بێت .

گۆڕانی پلەی گەرماو شێوەی لەش بە تایبەتی بەشی سەرەوەی لەش ، لەوانەیە ببێتە هۆی لووت گیران .

هەندێ کەسی تر هەن کە لینجە پەردەی لووتیان هەستیارەو دوکەڵی جگەرەو هەندێ ماددەی تر زوو کاریان تێدەکات گۆڕانی چەندی هۆرمۆنەکانی لەش لە کاتی سک پڕیدا دەبێتە هۆی لووت گیران .

هەندێ دەرمان کە دژی بەرزی تەوژمی خوێن بەکار دەهێنرێن لەوانەیە ببێتە هۆی لووت گیران .

## ئاوەندێکی لەبار بۆ بەکتریا

هەوکردنی گیرفانەکانی لووت لە بۆشاییەکانی لووت کە لە ئەنجامی سەرماوە روو دەدات دەبێتە هۆی لووت گیران . لە ئێنسکەکانی روو دا( لە دەموچاودا) چەند جوتێک بۆشایی داخراو هەن کە پێیان دەگوترێت گیرفانەکانی لووت ( BIHAL ) لەمانە گەورەترینیان کاکیلە گیرفانەکان (KOKHALORNA ) و ناوچەوانە گیرفانەکان (PANNHALORNA ).

ئەم گیرفانانەش هەروەکو بۆشایی ناو لووت بە لینجە پەردە لە ناوەوە داپۆشراون و لینجە شلە دەردەدەن .

لە کاتی هەوکردن بە ڤایرۆس یەک یان چەند ژمارە یەک لەم بۆشاییانە دادەخرێن . ئەو لینجە شلەیەی کە لەناو ئەم گیرفانانەدا دروست دەبێت کۆدەبێتەوەو بەکتریای تیادا زۆر دەبێت و هەوکردنی ئەم گیرفانانە روو دەدات ، واتە (BIHALEINFLAMMATION

لە نیشانەکانی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت ١) پاڵەپەستۆ یان ئازار لەناوچەکانی ئەم گیرفانانەدا ، واتە لە ناوچەی روومەت و ناوچەواندا . ٢) تا ( FEBER ) هەندێ جار روو دەدات .

٣) چڵمی زەردی سەوز باو ، خەست و

www.arsivakurdi.org

یادداشتەی کوردەکانی سۆڤییەت لە رۆژی ١٩٨٩/٥/٢٤ بۆ میخائیل گۆرباچۆڤیان ناردووە ، پەنجەیان بۆ راکێشاوە وەک لە ١٩٢٣.٧/٧ لەسەر پێشنیاری لینین ، ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئازربیجان پێکهاتووە کە بە کوردستانی سوور ناوی دەرکردووە و پێتەختی شاری لاچین بووە ، بەلام لە ساڵی ١٩٣٦( د.شاکرۆ دەڵێ ١٩٣.) بە پێچەوانەی بەندی(٦) و برگەی (ب) ی یاسای نێونەتەوەیی هەڵوەشاندراوەتەوەو لە ساڵی ١٩٣٧دا کوردە موسڵمانەکانی ئەرمینیای سۆڤیەتیان راگوێزاوەتەوە ئاسیای نێوەراست و کازاخستان، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٤ کوردە موسڵمانەکانی گورجستانیان راگوێزاوەتەوە بۆ هەمان ناوچەکانی ئاسیای نێوەراست . ئەو سیاسەتەش وای لە کوردەکانی ئازربیجان کردووە خۆیان بە ئازەری لە قەڵەم بدەن نەوەک ئەوانیش رابگوێزنەوە ، ئەوەی شایانی باس بێ ، ئەوەیە ، ئەو کوردانەی لەشوێنی خۆیان راگوێزراون مۆری / نەتەوەیەکی بێ بتمانی / یان لێنراوە . هەروەها بۆ جاری سێیەم لە پایزی ١٩٨٨ دا دوای تەنگ و چەڵەمەی نێوان ئەرمەن و ئازەرییەکان لە (ئەنگۆرنی کەرەباخ) دەیان هەزار کوردی موسڵمان (بە خۆشحاڵی) ئەرمینیایان بەجێهێشتووە و رویانکردۆتە ناوچەکانی تری وڵاتی سۆڤییەت ... لە هیچ شوێنێکیش بەخۆیان ناگرن و پێیان دەڵێن بگەرێنەوە وڵاتی خۆتان .!!

لێرەشدا دەمەوێ هێندێ باسی باری ژیانی کوردەکانی ئازربیجان بکەم . کە زانیارییەکانم لە وتارێکی پرۆفیسۆر شاکرۆی محۆیی وەرگرتووە کە لە مانگی شوباتی ١٩٨٩ دا لە گۆڤاری / مەسەلەکانی مێژوو/دا بلاوکراوەتەوە .

دوکتۆر شاکرۆ لە وتارە کەیدا ئەوەمان نیشاندەدا کە چۆن ژمارەی کوردەکانی ئازەربیجان ساڵ بەساڵ لەکەمی دایە.. تا وای لێ دێ لە ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٩٧٩ کورد لە ئازەربیجان هەر نەماوە ؟

شاکرۆ دەنووسێ بەپێی ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٩٢١ ، ژمارەی کورد لە ئازەربایجاندا ٣٧.٧٨. کەس بووەو لە ساڵی ١٩٢٦ ژمارەیان گەیشتۆتە ٤١ چل و یەک هەزار ( واتە لەماوەی پێنج ساڵدا لە ئازربیجان کورد تەنیا چوار هەزاری زیاد کردووە – جەمشید) ، لەساڵی ١٩٣٩ ژمارەی کورد لە ئازەربیجان گەیشتۆتە ٦ هەزار کەس ( واتە ٣٥ هەزار کەمتر بووە لە ساڵی ١٩٢٦ - جەمشید) ، لە ساڵی ١٩٥٩ ژمارەی کورد بووە بە ١٥.. کەس ( لام وایە هەڵەی چاپە ، لەوانەیە ١.٥.. کەس بێ – جەمشید ) چونکە لە ساڵی ١٩٧. ژمارەی کورد لە ئازربیجان بویتە ٥٥.. کەس ، بەلام بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٩ کورد لە ئازەربیجان هەر نەماوە ....؟!

هەر دکتۆر شاکرۆ لە وتارەکەیدا دەڵێ ئێستا ژمارەی کورد لە ئازەربیجان ......٢ دوو سەد هەزارە . جا مرۆ هەر ئەوەندە دەتوانێ بڵێ سیاسەتی کۆماری ئازەربیجان بەرامبەر بە کورد لە سیاسەتی هاوخوێنەکانیان لە تورکیای کەمالی دەکا !!

خوێنەری بەرێز ئەوەیە تابلۆی ژیانی کوردەکانی سۆڤییەت ، بێگومان ئەو راستییانە نەدەزانرا ، ئەگەر ئەو گۆرانکارییە گەورەیە لە ژیانی کۆمەڵگای سۆڤییەتی لەم ساڵانەی دواییدا روونەدابایە و پریسترۆیکاو گلاسنەست نەبوایە .. کە وای لە کوردەکانیش کردووە دەنگ بەرز بکەنەوەو داوای مافی خۆیان بکەن . ئێمەش لەگوێ ی گادا دەنوستین .

## داخوازی کوردەکانی سۆڤییەت

++++++++++++++++++

بۆ ئەوەی درێژە بە وتارەکەم نەدەم ، داخوازی کوردەکانی سۆڤییەت لەم چەند خاڵەدا کۆ دەکەمەوە /

- لابردنی ئەو تۆمەیە لەسەر ئەو کوردانەی لەساڵانی ١٩٣٧- ١٩٤٤ راگوێزراونەتەوە بۆ ناوچەی ئاسیای نێوەراست و کازاخستان .
- پێکهێنانی ناوچەیەکی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان .
- دامەزراندنی کۆمەڵە و دەستگای رۆشنبیری کوردیی .
- بەشداری نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی نەتەوایەتی یەکێتی سۆڤییەت .
- دامەزراندنی دەستگای چاپەمەنی کوردی .
- گەرانەوەی ئەلف و بای لاتینی بۆ نوسینی کوردی .
- بلاو کردنەوەی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی .
- بەهێز کردنی پێوەندی لە نێوان کوردەکانی سۆڤییەت و کوردستان و لەگەڵ مەڵبەندە کوردییەکانی ئەوروپا.
- وەرگرتنی هەڵوێستێکی روون لە رووداوەکانی کوردستان و خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد لە پێناو مافی چارەنووسدا .

بۆ جێ بەجێکردنی ئەو داخوازییانە کوردەکان چەند کۆمیتەی دەست پێشخەریان دامەزراندووە .

لەو بروایەدایین کە تیشکی سیاسەتی پریسترۆیکا ژیانی کوردەکانی سۆڤییەتیش دەگرێتەوە ، ئەوانیش دەستکەوتی گرنگ وە دەست دێنن و ئاڵای کوردیش لە تەک ئاڵای گەلانی تری یەکێتی سۆڤییەت بەرز دەبێتەوە.

www.arsivakurd.org

# پریسترویکا و باری ژیانی
# کوردەکانی سۆڤیەت و داخوازییەکانیان

د. جەمشید حەیدەری

مەسەلەی نەتەوەو پێوەندی نێو نەتەوەو گەلانی یەکێتی سۆڤییەت ، یەکێکە لە کێشە هەرە دژوارو ئالۆزەکانی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەلگای سۆڤیەتی، لەتەک زۆر کێشەی ئابوریی و کۆمەلایەتی تردا . لەماوەی حەفتا سالْدا وا بە خەلْک راگەیەندرابوو کە مەسەلەی نەتەوەیی لە یە کێتی سۆڤییەتدا چارە کراوە.. هەموو میللەتانی سۆڤییەت مافی یەکسانیان هەیە لە پێش کەوتنی ژیانی کۆمەلایەتی و کولتوریی و تەنیا لە ولاْتە سۆسیالیستەکاندا چارەسەری بنەڕەتی مەسەلەی نەتەوەیی کراوە .

بەلاْم لەسایەی پریسترویکاو دەنگ دەربرینی ئازاددا لە یەکێتی سۆڤییەتیدا ، زۆر رەوشتو رەفتاری ناڕەوای شاردراوە سەری هەلْدا . دیارە کێشەی نەتەوەیی تەنیا لە سۆڤییەت سەری هەلْنەداوە ، لە نێوان مەجەرستان و ڕۆمانیا ، لە یۆگۆسلاڤیا ... هتد .

ئەو جۆرە کێشانەی ئەمڕۆ لە ولاتە سۆسیالیستییەکاندا هەیە ، بە هیچ جۆرێک لەلای ئێمەوە چاوەڕوان نەدەکرا، بەلاْم رۆژنامەو گۆڤارو دەستگاکانی راگەیاندنی سۆڤییەت رۆژ نییە پەنجەی بو رانەکێشن ، کە نەک تەنیا مافی نەتەوایەتی زۆربەی گەلانی سۆڤییەت پێشێل کرابوو ، بەلْکو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تیرۆرو سیاسەتی سەرکوتکردن و توانەوەی گەلان ماکی سەرەکی ئەوسیاسەتە بووە بەتایبەتی لە نێوەڕاستی سالاْنی سییەوە تا نێوەراستی سالاْنی هەشتا .. ئێمە لەم وتارەدا نامانەوێ باسی هەموو لایەنێکی ئەوکێشانە بکەین کە لە سۆڤییەت سەری هەلْداوە یاخود ئەو گۆڕانکارییانەی لە سۆڤییەت روودەدات، چونکە ئەوە پێویستی بە دەیان وتارو کتێب هەیە، بەلاْم ئامانجی ئەم وتارە تەنیا باسی ژیانی کوردەکانی سۆڤییەتەو چارەنووسیان چۆن بووەو ئێستاش چییان داخوازە ...!!

بەپێی وتووێژی کوردەکان و یادداشت و نامەو وتارەکانی روناکبیرو زانایانی کوردی سۆڤییەت دەردەکەوێ کە زۆر باری نالەبار و سیاسەتی دوور لە رێبازی سۆسیالیستی و بە پێچەوانەی تێزەکانی لینین لە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەندەکانی دەستوری یەکێتی سۆڤییەت و کۆمارە یەککگرتووەکانی سۆڤییەتیدا بەکار هاتووە بەتایبەتی لە مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کەمە نەتەوایەتییەکان و مافی نەتەوایەتییان پشت گوێ خراوە کوردی سۆڤییەتیش یەکیکە لەو نەتەوانەی مافیان پێشێلکراوە .

لە یادداشتی ژمارەیەک لە کوردەکانی ئازربێجان و کازاخستان و کەرغیزیا و کراسنەدار و گورجستان و ئەرمەنستاندا هاتووە کە کورد نەک وەک دەزانرا تەنیا لە سێ کۆمارەکەی پشت قەوقاس دەژین ، بەلْکو دابەشکراون بەسەر نۆ کۆماری جیاواز ..و ئێستاش ئاماری سەرژماری کورد لە سۆڤییەت لە دووسەد هەزاری تێنەپەڕاندووە ، بەلْکو لەوەش بە کەمتر لە قەلْەم دراون ، بەلاْم ئەمڕۆ بۆمان ساخ بۆتەوە کە ژمارەی کورد لە سۆڤییەت خۆی لە ٤٥٠ هەزار کەس دەدات .

ئەوەی شایانی باس بێ ، کوردەکانی ئەرمەنستان جۆرە مافێکیان دەست کەوتووە کە بریتییە لە بەشی کوردی رادیۆی یەریڤان و رۆژنامەی (ریاتازە) و دەرز وتنەوە بەزمانی کوردی / دەرزی زمانی کوردی/ لەو قوتابخانانەی لە ناوچە کوردییەکانان ، لەگەلْ چاپکردنی کتێبی کوردی ... هتد ، بێگومان کوردەکانی ئەرمەنستان بەر لە شەڕی دووەمی جیهانی دەستکەوتیان لەوە پتر بووە ، چونکە خوێندن لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان هەموو بە کوردی بووەو ئەلف و بێ ی لاتینی پەیرەو کراوە ، کە دوای شەری دووەمی جیهانی بە کریلیک گۆراوە .

کوردەکانی گورجستان لەسالْی ١٩٧٤ دا ، گۆرانێکی نوێ لە ژیانیاندا رویدا، وەک کەمە نەتەوایەتییەک حیساب کراون ، بۆیەکەم جار رادیۆی تەبلیس لە ١٩٧٨ ەوە هەفتەی پانزە دەقیقەی تەرخانکردووە بۆ زمانی کوردی ، ئەوە بووە یانزە سالْ ماوەکە لە ١٥ دەقیقە زێتر نەکراوە و لە سالْی ١٩٨٧ رێگا دراوە زمانی کوردی لەو قوتابخانانەدا کە ژماری شاگردەکانی کورد زۆرن ، دەرزی زمانی کوردی بگوترێتەوە، لە کاتێکدا لە سالْی ١٩٢١ دا زۆر قوتابخانەی کوردی و یانەی کوردان لە گورجستاندا هەبوو .

راستییەک هەیە دەمەوێ بیلێم ، من سیانزەسالْ لە سۆڤییەت ژیاوم و پێوەندیم زۆر باش بووە لەگەلْ کوردەکانی سۆڤییەت ، بەلاْم زۆر راستی کە ئەورۆ زانیومە ، ئەوسا نەمزانیبوو، چونکە برا کوردەکان نەیانتوانیوە باسی بکەن ، بەلاْم لەو

www.arsivakurdi.org

# کۆمیتەی زیندانییان

**زیندانیانی سیاسی پێویستیان بە یارمەتی و پشتگرتنە**

کۆمیتەی زیندانییانی سیاسی کە سەر بە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سویدە رۆژ بەرۆژ پەرەبە خەبات و چالاکی خۆی دەدات وپەیوەندی خۆی لەگەڵ زیندانییانی سیاسی کوردستانی تورکیا بەهێزتر دەکات . "پەیوەندی گرێدان لەوبەشەی کوردستاندا تا رادەیەک لەتوانادایە" ماوەیەکی باشە بەهاوکاری ئەوکوردانەی لەسوید نیشتەجێ بوون ئەم کۆمیتەیە توانیویەتی یارمەتی ئابووری هەندێک لەو زیندانییانە بدات و لەم بارەیەوە دەیان سوپاسنامە لە پشت دیوارو تەلبەندی زیندانەکانی تورکیای فاشییەوە گەیشتونەتە کۆمیتەی ناوبراوو ئەم گۆڤارە .

لەگەڵ کۆکردنەوەی پیتاک ئێستا کۆمیتەی زیندانییان دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی کتێبی کوردی" کرمانجی ژووروو" و پێشکەشکردنی بەو زیندانییانە ئەوەش بەمەبەستی زیاتر هاندانییان بۆ بەکوردی خوێندنەوەو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەکوردی خۆیندنەوەو لەبیرنەکردنی لەناو زیندانییەسیاسییەکاندا کە بریتین لە رۆڵە خەباتگێڕو شۆرشگێڕکانی ئەوپارچە داگیرکراوەی نیشتمانەکەمان .



دوای بانگەوازی کۆمیتەکە بۆ کتێب کۆ کردنەوە ئەم لایەنانە زۆر بەخێرایی بەدەم بانگەوازەکەوە هاتن .

دەزگای بڵاوکردنەوەی ژین ٥. کتێب .

دەزگای بڵاوکردنەوەی وڵات بەپێ ی پێویست هاوکاری دەکەن .

دەزگای بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی بەبێ سنوور کتێب پێشکەش دەکات .

دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردستان بەبێ سنوور کتێب پێشکەش دەکات .

بابی نازێ ١٠. کتێب .

سەربەست زاخۆیی ١٠. کتێب .

چاپخانەی APEC ٣. کتێب

خێزانی جگەرخوێن ٣. کتێب .

کۆمیتەی زیندانییانی سیاسی جارێکی تریش رایدەگەیەنێت کە بەردەوامە لەسەر کاری خۆیی و جارێکی تریش تکا لە هەموو کوردێکی دلسۆزو خاوەن ویژدان دەکات دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکەن و لەیارمەتیدانی زیندانییان درێغی نەکەن .دەتوانرێ لەسەر ناونیشانی ئەم گۆڤارە پەیوەندی بکرێ بەم کۆمیتەیەوە.

www.arsivakurdi.org



بەشێک لە چالاکیەکان

لێرە کوردیش وەکو گروپەکانی تر مافی مرۆڤایەتی خۆیان پێدراوە ، بۆ نموونە وەکو خوێندن بە زمانی زگماک و قوتابخانەی کوردی و باخچەی ساوایانی کوردی و ... هتد . بەڵام زۆر جار وا روو دەدات کە ئەو دەستە چەپەڵانەی کوردستانییان داگیر کردووە هەموو توانایەک بەکاردەهێنن کە لێرەش هەموو شتێکمان لێ قەدەغە بکەن . بۆ نموونە دەبینین کە چۆن تورکەکان پیلانی ئەوە دەگێڕن لەو مافانە بێ بەریمان بکەن ، بەڵام خۆیان ئەو مافانەیان بۆخۆیان دەوێت . بۆ نموونە باڵوێزخانەی تورکیا لە سوێد هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ نەهێشتنی باخچەی ساوایانی کورد .

**کەیا :**

کورد لە خاکی خۆیاندا لە راونان و ڕەتەراودا بوون ، کە هاتیشن بۆ سوید لەو بڕوایەدا بوون کەوا کۆمەڵی ئازادیخوازو دیموکراتی سوید دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکەن .بەڵام بەدبەختانە، لەم سێ ساڵەی دوایدا کورد لێرە زۆر ناخۆشی بینی ، کۆمەڵی کورد لە سوید بدیندار بووە، دەروونی بریندار کراوە و ئەم برینەشمان هێشتا سارێژ نەبووە (مەبەست لە تاوانبارکردنی کوردە بە کوشتنی ئۆلۆف پالمێ ی سەرۆک وەزیرانی پێشووی سوید – بەریانگ ) . ئێمەش دەستەلاتێکی وا گەورەمان نییە بۆ بەرگری لە خۆکردن و ناتوانین لەگەڵ هەموودا بجەنگین .ئێمە پەیوەندیمان بە زۆر دەوڵەتەوە کردووە و ئێستاش هەر بەردەوامین ، بەڵام پیاو دەبێت ئەوە بزانێت کەوا ئەم شێوە گیروگرفتانە لە داهاتووشدا هەردەبێت و زۆریش بەو دەردانەوە دەتلێینەوە .

**حەنەفی:**

لەو بڕوایەدام ناتوانین کورد لە گەڵ گروپە بیانییەکانی تری سویددا بەراورد بکەین . ئەمەش لە چەند لایەنێکەوە :

کورد وڵاتی سەربەخۆی خۆی نییەو نیشتمانەکەی بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوەو لە هەر چوار وڵاتدا دەچەوسێندرێتەوە.ئەم چەوساندنەوەیە تەنیا لە سنووری ئەو وڵاتانەدانییە بەڵکو گەیشتۆتە ناو سنووری سویدیش .چ لە لایەن داگیر کەرانی کوردستانەوە چ لەلایەن ئەوانەی لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کڕاون وەکو ( ئێبی کاڵسۆن و هۆلمێر و کۆمپانیاکەی دەورووپشتیان)" ئەوانە دەستی هەرەباڵایان هەبوو لەتاوانبارکردنی کورددا بە کوشتنی ئۆلۆف پالمێ- بەریانگ ".

ئەمە چەند گیروگرفتێکە دووچاری فیدراسیۆن و کۆمەڵە کوردییەکان دەبێت . پیاو لەم وڵاتەدا پێویستی بە پشتگیری هێزە دیموکراتیخوازەکانە دژ بەو تاوانبارکردنە . من لەو بڕوایەدا نیم کەسێکی ژیر بڕوای بە گۆڤارو ڕۆژنامەکان کردبێت ، بەڵام ڕەتەراوو تەنگەتاوکردنی ئەم سێ ساڵەی دوایی وا کاری کردۆتە سەر خەڵک کاتێک کە گوێیان لە ناوی کورد دەبێت هەست بە شتێک دەکەن بێ ئەوەی بزانن چییەو چۆنە .ئەمە بێجگە لە نەبوونی وڵات و گیروگرفتی تر وا لێرەش لە گەڵ سیستێمی سویددا . بێ بەختانە ، کار وایە کە مرۆڤ بە گوێرەی ناسنامەو گوزەرنامەکەی تۆمار دەکرێت . جا کاتێ پیاو بیر لە ناسنامەکەی دەکاتەوە خۆی لە خۆیەوە دڵتەنگ دەبێت .سەرەڕای ئەمەش کورد لە چوار بەشەوە هاتوون ،ئەمەش کێشەیەکە بۆ خۆی. ئەمەو لەم دواییەشدا دەرکەوت کە پۆلیس زانیاری لەسەرکوردان فرۆشتووە بە دوژمنانی کورد . بۆیە من دەڵێم دەبێت کورد هەموو یەکبگرن و هاوڕێیانی کورد و کۆمەڵانی دیموکراتی دەبێت پشتگیرییان لێ بکەن .

**سالح :**

کورد وڵاتی نییەو چوار دەوڵەت دژی کورد وەستاون و بەدەستەلاتن و خاوەن هێزی ئابووریین .لێرەش کە کورد بە کوشتنی ئۆلۆف پالمێ تاوانبار کران لەبەر بێکەسی کوردان لەلایەن تاوانبارکەرەکانەوە سڵ لە هیچ نەدەکرایەوە.بەڵام بە پێچەوانەوە گەر وڵاتمان هەبوایە حساب بۆ لایەنی ئابووری و سیاسی دەکرا و وا بە ئاسانی تاوانباریان نەدەکردین .

هەر لەبەر ئەوە داوا لە دۆستە سویدی و ئەورووپییەکان دەکەین کە زیاتر پشتگیریمان بکەن .

**کەیا :**

ئێمە دەبێت ڕێکخراوی کوردی و ڕێکخراوی سویدی دۆست لەیەکتر جیابکەینەوە. ئێمەی کورد ، هەموو کەس و کۆمەڵێک ئامادەین بۆ هەموو مەرجێکی ئێوە لە یارمەتی داناندا. چونکە ئەمە کارێکی گرنگە. ئێمە هاوڕێ ی سویدیمان هەیە کەوا بەو کارەوە خەریکن و دەنگی ئەوان زیاتر بڕ دەکات تاکو دەنگی ئێمەی کورد وەک کۆمەڵێکی بیانی ئاڵۆز لە رۆژهەڵاتەوە . بەڵام کاتێک سویدییەکان کارێکی وا بگرنە ئەستۆ ، ئەوە شێوەیەکی تری جیاوازی دەبێت و رووکارێکی تری دەبێت .

**حەنەفی :**

کۆمیتەیەک لە سوید دروست بووە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤایەتی کوردان ، کە نوێنەرانی هەموو پارتییەکانی ناو پەرلەمانی سویدی تێدایە . ئێمە زۆر سوپاس گوزارین . بەڵام بێگومان چاوەڕوانی چالاکییەکی زۆرترو خەباتێکی زیاترین ، تاکو بتوانن لە رووی ئەوانەدا بوەستن کە لە رووی کوردا وەستاون .

www.arsivakurdi.org



بەشێک لە چالاکیەکان

جەورو ستەمدابوو ، دەچەوسێندرانەوە. بەلام بۆ ئێمەی کورد ، ئێمە بێ ولاتین ، چەوساوەین ، چ ژن و چ منداڵ و چ پیاو تا ئێستا دەچەوسێینەوە .

ئیمرۆ لێرە ئەرکی پیاوانە هانی ژنان بدەن بۆ چالاکی نواندن و لەگەڵ خۆیاندا بیانبەن بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان .

**عومەر شێخ موس / لەناو هۆڵەکەوە :**

من زۆر خۆشحالّم بەوەی کەوا خوشکەکانمان بە خواستی خۆیان دەیانەوێت ببینن کەوا ژنانی کورد لەم گفتوگۆیەدا بەشدارییان کردووە . بەلام بە گشتی ئەم کەم و کوڕییانە نەک تەنها لە فیدراسیۆندا بەڵکو لە کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی تریشدا کە لەم شێوە کۆمەلانەن ، بە تەواوی لە ڕێکخستن و نوێنەرایەتیشدا کەمو کوڕی تێدایە . هەرچەندە لەناو ئەو ڕێکخراوە کوردیانەدا گۆڕان هەیە ، لەناو هەندێکیاندا بە ڕێکی دەبیندرێت ، هەروەها لە خەباتیشیاندا لە کوردستان ، لە هەندێ لە ڕێکخراوەکاندا نوێنەری باشی ئافرەتیان هەیەو لە هەندێکیشاندا لەوانەیە هەر هیچیان نەبێت . لە کوردی بەشەکانی کوردستاندا ، لە کوردستانی ئێراندا ، زیاترو بە شێوەیەکی باشتر نوێنەرایەتی و ڕێکخراوی ژنانی کوردو چالاکی ژنانی تێدایە.

بەلام بەداخەوە ئەمە لە عێراق و سوریا وانییە. ئەمە وانییە کە ژنانی کورد هەر تەنیا بەشداری ئاهەنگ دەکەن ، بەڵکو بەشداری ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵی کوردەواری دەکەن و هەروەها پیاوانی کوردیش بە خواستی خۆیان ژن و منداڵ دەبەن بۆ ناوئاهەنگەکان و دەیانەوێت تێکەلاوی لەگەڵ خێزانەکانی تر بەهێز بکەن . بەلام بە هەرحاڵ پێویستمان بە خەباتێکی زۆرە بۆ ڕێکخستنی کۆمەلانی ژنان .

**مام ئیحسان / لەناو هۆڵەکەوە**

یانزە هەزار کورد لە سوید دەژین ، زۆرجار لەسەر بارو ڕەوشی کورد لەسوید گفتوگۆ دەکرێت . هەروەها لەسوید سیانزە ملیۆن کرۆن تەرخان دەکرێ بۆ رزگارکردنی چەند ماسییەک کە لە ژێر ئاوی بەستووی دەریاکاندا گیریانخواردبوو . بەلام کورد وەک ئەو ماسییانەش تەماشا ناکرێت . هەرچەندە سویدییەکەم باش نییە، بەلام وابزانم لێم حاڵی دەبن . من مەبەست و داوام ئەوەیە با دەزگاکانی بلاوکردنەوەو ڕاگەیاندن وهاوڕێ سویدییەکان زیاتر بە ووردی بڕواننە گیروگرفتی کورد .

**کەیا :**

لەسەر باری ئافرەت دەمەوێت شتێکی کورت بڵێم . هەندێ جار ئێمە بەڵگەی سەیر دەدۆزینەوە کە گوایە لەبەر ئەوهۆیانە ژنانمان بەشدارییان نەکردووین . بەلام لە بنەڕەتدا زۆر پیاویش هەن توانای ئەوەیان نییە کە ماوەیەکی زۆر لە سیمینارێکدا یان لە چالاکییەکی تردا کە بەدڵی ئەوان نەبێت بمێننەوە . ئەبێ ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین ژنان یان منداڵان یان لاوان و ئەوانی تریش وەکو گروپ بخەینە قالّبی کۆمەڵەکانمانەوە . هەروەها دەبێت یارمەتی یەکتر بدەین چ لە ماڵ و چ لە ناو ڕێکخراوەکانداو هانی ژنانیش بدەین بۆ بەشداری کردن لە چالاکییەکاندا .

**لارش گوتنەر :**

وای بەباش دەزانم ئەو کاتەی ماوە تەرخانی بکەین بۆ بارو ڕەوشی ژیانی کورد لە سوید .

بۆ یەکەم جار کە پەیوەندیم بە کوردو بارو دۆخی کوردەوە کرد لە سوید ، تەنها باسی یەک پارتی یان یەک ڕێکخراو دەکرا لە فیدراسیۆندا، بەلام ئیمرۆ هەموو پارتییە سیاسییەکان لەناو فیدراسیۆنداں و بەزۆر شێوەی جیاواز گرنگی بە بابەتی کوردی دەدەن . هەروەها ئیمرۆ لێرە کۆمەڵە کوردییەکان پڕ هەستن چونکە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە کۆمەڵە بیانییەکانی تر هەستیارن . ئەمەش بەداخەوە لەبەر هۆی نێگەتیف کەوا تووشی کەمایەتی کورد بۆتەوە لە سوید . ئەو پرسیارەی من ئەمەوێت بیکەم ئەمەیە کاتێ مرۆڤ کۆمەڵەی کوردی لە سوید دەبینێت ، بەتایبەتی ئیمرۆ کورد کە گیروگرفتی تایبەتی هەیە ، ئەگەر جیابکرێتەوە لە کۆمەڵەکانی تری بیانی و ئێوە وەکو فیدراسیۆن باسی لێوە بکەن ؟

**مەحموود کیپەر :**

www.arsivakurd.org

**کەیا:**

زۆر جار ئەم پرسیارەمان لێدەکرێت ، بە تایبەتی لەو کۆبوونەوانەدا کە سویدی بەشداری تێدا دەکەن . بەلاّم وەلاّم وا زۆر ئاسان نییە . بۆیە دەبێت ئەوە بلێین کە پێویستە ژنەکانمان چالاک بن و گرنگی بەو کارانە بدەن کە کۆمەڵەکوردییەکان پێوەی خەریکن . ئەمە پرسیارێکی کۆمەلاّیەتییەو خۆی لەسەر بنەڕەتی چۆنییەتی دروست بوونی خێزان ڕاگرتووە. پیاو دەبێت هانی ژنان بدات لە بەشداری کردنی هەموو جۆرە چالاکییەکدا . ژنانیش دەبێت لەناو کۆمەڵەکانی ئێمەدا خڕببنەوە . ئێستا ڕێکخراوی ژنانمان لە ناو فیدراسیۆندا هەیە . بەلاّم لە هەوڵداغاندا سەرنەکەوتوین تا بتوانین لە هەموو کۆمەڵەیەکدا کۆمەڵەی ژنانمان هەبێت و ژن و پیاو پێکەوە بەشدار بن . ئەمە لە هەندێ جێگا سەرکەوتووەو لە هەندێ شوێنیش سەری نەگرتووە و پێویستی بە چارە سەرکردنە. ئێمە دەڵێین با ژنان کۆمەڵەی خۆیان هەبێت بەلاّم لە هەمان کاتدا دەبێت لە کۆمەڵەکانی خۆماندا پێکەوە کار بکەین .

لە دروست کردنی کۆمەڵەی ژناندا هیچ دژایەتییەک نییە ، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەبێت هاوبەشی کۆمەڵەکانی تریشمان بن ،هەر چەندە ئێمە لە هاوبەشیکردندا لە چاو :کۆمەڵەکانی سویددا جیاوازییمان هەیە . لەناو کۆمەلاّن و خێزاناندا دەبێت هانی ژنان و پیاوان بدرێت بۆ نواندنی چالاکی هاوبەش بۆ پێشخستنی ئەو بوارەی کاری تێدا دەکەن .

***ژنێک لەناو ئامادە بووانەوە***

من دەمەوێت بپرسم بۆچی کۆمەڵەکانی ژنان بە جیان و پیاویان لە گەڵدا نییە ؟

**کەیا:**

بەڵێ ئەمە ئەوەیە کەمن باسم کرد، ئێمە کۆمەڵەی جیامان ناوێت ، کاتێ باسی کۆمەڵەی کوردی دەکەین ، بەلاّم وەکو ژنان دەبێت کۆمەڵەی خۆیان هەبێت و لە دەوری کۆببنەوە، لە هەمان کاتدا دەبێ هاوکاری پیاوان و هاوولاّتیانی خۆیان بکەن ، ئەمەش مەبەستی ئێمەیە لە فیدراسیۆن .

**ژنەکە**

ئێمە بەپێ ی هەڵسوکەوتی خۆمان لە کوردستان چۆن بووین هەر بە پێ ی ئەو ڕەوت و هەڵسو کەوتە کار دەکەین ، بۆیە پیاوان دەبێت پاڵپشتمان بن و هانمان بدەن بۆ ئەوەی لە گەڵیاندا خەبات بکەین .

**مەحموود کیپەر :**

من دەمەوێت شتێک زیاد بکەم . نەک تەنیا بەرگری لە پیاوی کورد بکەم . ئێمە دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێت کەوا لە ناو کۆمەڵی کوردەوارییدا پیاو پێش ژن کەوتووە، ئیتر با ۱۰ یان ۱۵ ساڵیش بێت



بەشێک لە چالاکیەکان

لە سوید بژین . ئەمە وا زۆر ئاسان نییە کە ئەو خوو نەریتە بشکێنین و وەکو سویدی ژن و پیاو پێکەوە وەکو یەک نوێنەر بن .

ئەمەو زۆر هۆی تریش هەن نابێت لەبیر بکرێن ، ژنی کورد ئەو توانایەی بۆ نەڕەخساوە وەکو بۆ کوڕی کورد ڕەخساوە. لە ولاّت جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ژن و پیاودا هەیە . بۆ ئێمەی کوڕ ئاسانترە بخوێنین ، زمان فێربین ، زیاتر تێکەلاّوی کۆمەڵی سویدی ببین تا کو ژنی کورد . ئەمە زۆر زەحمەتە کەوا ژنی کورد وەکو پیاوی کورد بژمێردرێ .

ئێمە دەزانین ژن نیوەی کۆمەڵەو لەبۆ ولاّتی خۆمان و وەدیهێنانی ئازادی دەبێ ژنانیش بەشدار بن .

***حەتەفی :***

زۆر جار لەلایەن هاوڕێ سویدییەکانمانەوە ئەم پرسیارانەمان لێدەکرێت ، بەلاّم هیچ کاتێک بارو دۆخی کوردستان و سوید وەکوو یەک نییە و چەندەها ساڵ لەمەو پێشیش سوید بارو دۆخی بەم جۆرە نەبووە. بەلاّم ئافرەتی کورد لە ولاّت هێشتا بۆی نییە بە زمانی خۆی لە گەڵ منداڵەکەی خۆیدا بدوێت . ئەگەر پیاو بیر لەو چەوساندنەوەیە بکاتەوە ، بۆ نموونە بۆچی لێرە ژنی کوردمان لەگەڵ نییە؟ من دەمەوێت بە لارش و هاوڕێ سویدییەکانی تر بلێم ،بابێن بۆ ئاهەنگێکی کوردی و بزانن نیوەی زیاتر ژنانی کورد نییە، ئێمە زۆر جار داوامان لە خوشکەکانمان کردووە کەوا هاوبەشیمان بکەن .

***ژنێک لە هۆڵەکەوە :***

ئێوە دەڵێن پیاو هەست بەو ڕەوشە سیاسە دەکات و ئاستی کۆمەڵ دەزانێت و ژنیش لە ئاستێکی نزمدا نییە ، جا ئەوکاتە کێ بەر پرسیارە ؟ ئایا ئەوە دەکەوێتە سەر ئەستۆی پیاو یان کێ؟

***پیاوێک لەناو هۆڵەکەوە :***

پێش ئەوەی بچمە سەرباسی ژن و پیاوی کورد دەمەوێت بە هاوڕێ سویدییەکان بلێم با باسی ئەوەمان بۆ بکەن کاتی خۆی سوید چۆن بووە ؟ئەو کاتە ژنی سویدیش لە ژێر



www.arsivakurdi.org

دەگرنەوە . ئەگەر مرۆڤ سەیری ساڵەکانی شەست بکات کەوا کۆمەڵێک هێزی کاری بیانی هاتن بۆ ناو سوید ، کوردیش یەکێکە لەوان ، بەڵام یەکەم کۆمەڵەی کرێکاری کورد لە ١٩٧٦ دا دروست بوو ، ئەمە ١٠-١٥ ساڵی برد بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەکی وا کە نوێنەرایەتی کرێکارانی بیانی بکات . لەبەر نەبوونی هێزی سیاسی کوردی لەو کاتەدا بۆکۆکردنەوەی هێزێکی بە توانا ناچار کرێکاران خۆیان لە ناو کۆمەڵەکەیاندا بەرەو پێشتر بردنی رەوتی ژیانی خۆیانیان گرتبووە ئەستۆ . جا ئەوەی ئیمرۆ مایەی خۆشحاڵی بێت ئەوەیە کەوا فیدراسیۆنێک هەیەو نزیکەی . . .٥ پێنج هەزار کەس تێیدا بەشدارە. جا ئەگەر پیاو ئەوە لە گەڵ رێکخراوێکی سویدی یان یەکێکی تردا بەراورد بکات گرنگی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت . لەگەڵ ئەمەشدا لێرەو لەوێ کۆمەڵ لە دەرەوەی فیدراسیۆن هەر هەیە ، ئەگەر چی ئەمەش هەر لە خزمەتکردنی کوردو پێشخستنی کولتووری کوردیدایە، بەڵام ئەگەر فیدراسیۆنێک هەبێ ، بۆچی کۆمەڵەی تر لە دەرەوە ، لە پاڵ فیدراسیۆندا هەبێت ؟. فیدراسیۆنێک نوێنەرایەتی هەموو کوردان بکات و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانیان بدات ، ئیتر بۆچی کۆمەڵەیەکی وا لە پاڵەوە هەبێت ؟ ئەمەش جێی داخە کە شتی وا هەیە .

بەلای منەوە ئەو رێکخراوە سیاسییە کوردییانەی زیاتر لەسەر بارو رەوشی کورد لە کوردستان وردبیینەوە ، لەوێ لە چاوتروکاندنێکدا دەیان کەس دەکوژرێت . لەوە وردبینەوەو بتوانن بەرگری و چارە سەرێکی ئەو بە کۆمەڵ کوشتنە بکەن ، یان لە سوید و ئەوروپا ، ئەو رێکخراوانە پشتگیری ئەو کۆمەڵە دیموکراتییانە بکەن کەوا پشتگیریمان لێ دەکەن و هەوڵی ئاسانکردن و گونجان لە ناو کۆمەڵدا بۆ پێشخستنی کولتورو پاراستنی و چاککردنی بارو رەوشی منداڵان ، ئەمەیە ئەرکی سەر شانی رێکخراوەکان .

***سالح:***

دەبێت پیاو ئەوە بزانێت کەوا فیدراسیۆن رێکخراوێکی سیاسی نییە ، بەڵام کاتێک دەڵێم ئەمە رێکخراوێکی سیاسی نییە، ئەوە ناگەیەنێت کەوا هەست و ویژدانی سیاسەتی تێدا نییە. بەڵکو لە هەموو شوێنێکدا سیاسەت و خەڵکی سیاسی هەن، بەڵام کاتێک مرۆڤ وورد دەبێتەوە لەو راستییەی لە سویدو لەناو گەلی کورددا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو توانای کورد لە دەوروبەری خۆی و لە ژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە . من لەو بڕوایەدام کە فیدراسیۆن لەم رووەوە هەنگاوێکی باشی ناوە، بەڵام ئەگەر بگوترێت نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکات ، نازانم ، لەوانەیە ئەوە هەڵەبێت . بەڵام وابزانم نوێنەرایەتی هەموو داخوازییەکای کورد دەکات . یان هەر هیچ نەبێت باڵێین ئەو بەشەی کورد لە سوید. ئەمەش گرنگە.

***کەیا:***

شتێکی تر کە دیاربێت لە سویددا، ئەوەیە کە فیدراسیۆن بووە بە نموونەیەک بۆ کورد چ لە ئەوروپا و چ لە سویدیشدا. زۆر کەسیش ئەو وێنەیە لە رێکخراوەکانی خۆیاندا بەکار دەهێنن . ئێمە لەناو فیدراسیۆندا هەوڵی ئەوەمان داوە کەوا بنەرتێکی نەتەوەیی دروست بکەین ، بۆ نموونە، یەکێتی نووسەرانمان دروست بووە، هەروەها یەکێتی مامۆستایان و یەکێتی سینەماکاران و کۆمەڵەی پزیشکان و منداڵان و ژنان و لاوان دروست بوون . ئەگەر پیاو ئەمانە بژمێرێت ، ئەوا دیار دەدات کە بنەمایەکن لە دروست بوونی کۆمەڵەی کوردیدا لە سوید . ئەوەش گرنگە کەوا بە یارمەتی فیدراسیۆن ئەمانە پێکهاتوون و پەیوەندیشیان پێکەوە هەیە .

***زنار:***

من سویدییەکەم باش نییە ، بۆیە بە کوردی دەدوێم ، ئەگەر یەکێ لە برادەران بیکات بە سویدی .

کاتێ ئێمە باسی پەیوەندی فیدراسیۆن و هێزی کوردی دەکەین ، دەبێ ئێمە کۆمەڵە کوردییەکان و رێکخراوەکان وەک یەک تەماشا نەکەین . چونکە بارو رەوش و گیرو گرفتی کورد لە گەڵ نەتەوەیەکی تردا وەک یەک نییە . لە پێش هەموو شتێکدا هەرچی رێکخراوێکی دیموکراتی یان سیاسی بێت ، بۆ پەیوەندییەکی پتەوو بۆ هاوکاری لە هەموو رووپەکەوە ، دەبێت خەباتێکی بەربلاوترو بێوچانی هەبێت . ئێمە دەزانین فیدراسیۆن وا بە سووک و ئاسانی نە گەیشتۆتە قۆناخی ئیمرۆ. وەک لە سەرەتادا برادەران باسیان کرد باری فیدراسیۆن وەک ئیمرۆ باش نەبوو گەلێک ناخۆشی و زەحمەتی هەبوو ، باش دێتەوە یادم ، لەو بڕوایەدام لە کۆنفرانسی ١٩٨٤- ١٩٨٥ دا بوو کە کۆنفرانسەکە سەرنەکەوت و نەتوانرا ئەنجام بدرێت لارش گوننەر ئێریکسۆنیش لەوێ بوو. من زۆر بێزارو نارەحەت بووم ، دڵم تەنگ بوو . لارش پێ ی گووتم دڵی خۆت تەنگ مەکە ، لە ناو خەباتدا ئەوەش هەیە . رێکخراو بە ئاسانی دروست نابێت و بەئاسانی پێش ناکەوێت ، جار هەیە لەرێگەی خەباتدا کۆنفرانسیش سەرکەوتوونابێت و گفتوگۆ و لێدوان دروست دەبێت و لەوانەیە شەڕیش روویدات . جا بۆیە دەبێ مرۆڤ لە خۆ بوردوو بێت .

ئێستا گەلێک هێز لە فیدراسیۆندا هەیە ، بەڵام سەرەتا ئەو هێزانەی تێدا نەبوو . فیدراسیۆن بەبێ ئەوانە دروست بووبوو. گەلێک هێزی تریش هەبوون ، باوەڕی جیاوازیان هەبوو گفتووگۆی زۆر کراو لە پاشاندا هەندێک لەو هێزانە بەوە قایل بوون . بۆ کورد ، لەسوید ، ئەم جۆرە رێکخراوانە باشە. جا ئیمرۆ ئەگەر کۆمەڵە هەبێت و لە دەرەوەی فیدراسیۆن مابێت ، ئەوا رەنگە گیروگرفتی ئەوان بەبێ چارە سەرکردن مابێتەوە. بەڵام ئێمە لە خەباتی خۆماندا بێ وچان دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین بۆ قایل کردنی ئەوانەی کەوا هێشتا لەدەرەوەی فیدراسیۆنن .نەک بە شێوەیەک بەربەرەکانێ و دژایەتی یەکتر بکەین ، بەڵکو بە سنگ فراوانی و بە گفتوگۆ ئەو کارانە ئەنجام بدەین .

***لارش گوننەر :***

من دەمەوێت پرسیارێک بکەم ... لەناو ئەم پێنج پیاوەدا ، ئەی کوانێ ، ژنە کوردەکان لە کوێن ؟

www.arsivakurdi.org

مرۆڤ بیر لە کۆمەڵەکان دەکاتەوە زۆر بڵاون . بێگومان هەر وڵاتێک لەو وڵاتانە کاریگەریتی خۆیانیان هەبووە لەسەر کورد جا ئیتر چ لە ڕووی کولتورەوە،یان لەلایەنی ترەوەبێت .بۆیە ناتوانین بڵێین سەد لەسەد کوردێکی کوردستانی تورکیاو کوردستانی عێراق وەکو یەک بیردەکەنەوە. جا لە سەرەتادا فیدراسیۆن و کۆمەڵی کورد لەسوید وەکو ئێستا نەبوون، بەڵکو ئەوکاتە چەند کۆمەڵەیەکی کوردستانی تورکیا لە فیدراسیۆندا هەبوون ، بەڵام ئیمڕۆ لەفیدراسیۆندا ٢٧ بیست و حەوت کۆمەڵەمان هەیەو بە هەموو سویددا بڵاو بوونەتەوە. هەر ناوچەیەک کوردی لێبێت کۆمەڵەیەکیان پێک هێناوەو زۆربەی کۆمەڵەکانیش لە کوردی بەشەکانی کوردستان پێکهاتووە ، هەروەها کوردەکانی لوبنانیش . بۆ نموونە ئەگەر سەیری کۆمیتەی گشتی فیدراسیۆن بکەین هەر بەهەمان شێوە پێکهاتووە، یان نموونەیەکی تر، گۆڤاری فیدراسیۆن ، *"بەربانگ"* بە دوو دیالێکتی سەرەکی "کرمانجی ژوورو وکرمانجی خواروو" دەردەچێت ، ئەمەش ، لەو بڕوایەدام ، باشترین نموونەیە کە فیدراسیۆن بۆ هەموو کوردێکە .

لارش گوننەر:

با بیر لە لایەنێکی تر بکەینەوە، پەیوەندی فیدراسیۆن و کۆمەڵەکانی تر، بۆ نموونە باشترین ڕێکخراوی بیانی لە سویددا هی شیلی یەکان و کوردن . بەڵام ئەوەی من بەلامەوە مەبەستە ئەوەیە کە لەناو کوردو شیلییەکاندا زیاترو بە گشتی بە چالاکی سیاسییەوە خەریکن. ئایا پەیوەندی فیدراسیۆن بەو (٢٧) بیست و حەوت کۆمەڵە کوردییەوە چۆنە؟ وتوووێژ و پەیوەندی کردن لە نێوان ئەو کۆمەڵ و پارت و ڕێکخراوە سیاسییە جیاوازانەدا چۆنە ؟

***کەیا:***

ئەمە پرسیارێکی گرنگە، پیاو دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروست بوونی فیدراسیۆن و ئەو زەحمەتییانەی کەوا لە دەوروبەری ساڵح کۆبوونەوە، لەلایەکەوە تەنها بەشێک لە کوردەکانی کوردستانی تورکیا بەشدار بوون و لەلایەکی تریشەوە نۆێنەری هەموو کورد بوو چ لە چالاکی سیاسی و چ لە بە شەکانی تردا . بەڵام لێرە بوارێکی باش هەیە کە وا لەلایەن کوردەکانەوە لە سەر میتۆدێکی باش دامەزراوە ، ئەمە بێجگە لە گیروگرفتی سیاسی کە وا وڵاتەکەمان کراوەتە چواربەش ، جگە لە گیروگرفتی کەسایەتی کە هەندێ جاریش دەبووە کۆسپ لە ڕێگای



بەشێک لە چالاکیەکان

فیدراسیۆندا ، جا بۆیە مرۆڤ گەیشتۆتە خاڵێک کە دەبێ ئەو کارە یەکالاْبکاتەوە، دەبێت فیدراسیۆن لە سەر بنەمایەک دابمەزرێت کە هەموو گروپ و کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسییەکان لێ ی ڕازی بن و لەلایەکی تریشەوە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە. بۆ فیدراسیۆن ئەوە زۆر گرنگە کەوا پەیوەندی و گفتوگۆ لە نێوان پارتە سیاسییەکان و فیدراسیۆندا بەردەوام هەبێت ، هەرچەندە لە سەرەتاوە ئەمە نەبوو بەڵام پلە پلە پەیوەندی کردن و گفتوگۆ لە گەڵ لایەنەکاندا وای کردووە نێوانمان باش بێت .

پەیوەندی و گفتو گۆ زۆر گرنگە ، ئەگەر ئەوە نەبێت پیاو ناتوانێت خۆی لەسەر بنەمایەکی ڕاست و بە شێوەیەکی دروست دروست بکات. ئەگەر مرۆڤ سەیری سەرەتاو ئیمڕۆ بکات ، ئەوا ئیمڕۆ ئێمە زۆر پێشکەوتووین .زۆربەی زۆری پارتە سیاسییەکانیش ، نزیکەی ٩٠٪ لە گەڵ فیدراسیۆنن .

***مەحموود کیپەر :***

دەبێت ئەوە بووترێ کە فیدراسیۆن لەو کۆمەلانە دروست بووە کە هەبوون ، ئەوەبوو لە دواییشدا بە هەموو ئەو کۆمەلانە ڕاگەیەندرا بۆ یەکگرتنەوەیەکی زیاترو پتەوتر لە ناو یەکدا، ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٥ -١٩٨٦ دابوو ، بەپشتگیری کردنی هەموو گروپ و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوو . دواییش وەکو کەیا باسی کرد بیر لەوە دەکرایەوە کە چۆن کۆمەڵە کوردییەکان دروست بکرێن ، ئیمڕۆ زۆربەی زۆری گروپ و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە فیدراسیۆندا بەشدارن .

***حەنەفی :***

ئەمە ڕاستە کە پارتە سیاسییەکان لە پێکهێنانی فیدراسیۆندا بەشدارییان کردووە ، جا بێجگە لەوان دەبێ کێ بەشداری بکات ؟! بێگومان بە هێزو توانای ئەو کوردە خاوەن وێژدانانە لە گەڵ ڕێکخستنی هێزەکانی تردا لەو مەڵبەندەدا یەک

فیدراسیۆنە چی دەکات ؟ پێم وایە ئەگەر کەیا بەکورتی لەم بارەیەوە شتێک بڵێ باشە.

**کەیا:**

لە پێشدا دەمەوێت سوپاسی گەرمی خۆمان پێشکەشی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان بکەم ، لەسەرووی هەمووشیانەوە کۆمیتەی سویدی بۆ مافی کوردو تۆماس هەماربێری و لارش گوننەرو هەموو ئەوانەی تریش کەوا یارمەتییان داوین ، هەروەها بەخێر هاتنی هەمووتان دەکەین . وەکو لارش گوننەر وتی بۆچی دەبێ مرۆڤ فیدراسیۆنی نەتەوەی خۆی هەبێ؟ بۆ ئەوەی وەلامی ئەم پرسیارە بدەینەوە ، دەبێت بچینە سەر هەڵس و کەوتی سویدییەکان ، چونکە ئەمە خاڵێکی گرنگە کەوا هەموو ڕێکخراوو کۆمەڵەیەکی سیاسی مۆڵەتی پێشخستنی کولتووری خۆیانیان پێدراوەو توانیویانە فیدراسیۆن و گروپی تریش پێک بهێنن . ئەمەش بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگەو توانیومانە یەکێتی خۆمان بسەپێنین و لە ناو خۆماندا ، چ لە وڵات و چ لە سوید یەک گرتووین . ئەم دووهۆکارە وای کردووە فیدراسیۆنی کورد دروست ببێت .

هەرچەندە ئیمڕۆ ئێمە قایل نین بە باری ئێستای خۆمان بەڵکو دەبێت زیاتر بەرەو پێشەوەی ببەین، ئەمەش پێویستە بۆ کۆمەڵی کورد . ئەو دوو هۆکارە گرنگن و لەوتووێژو پرس و وەلامدا باسی لێوە دەکەین کە چۆن ئێمە دەتوانین نوێنەرایەتی کۆمەڵە کوردییەکان بکەین و چۆن دەتوانین یارمەتی کۆمەڵکانی خۆمان بدەین کە وا لە نامۆییدا دەژین .

لارش گوننەر :

کاتێک کە فیدراسیۆن دروست بوو لە دووخولی یەکەمدا سەرکردایەتی هاوبەش هەبوو ،بەلام دوای ئەوە سەرۆکیان هەڵبژاردو یەکەم سەرۆک ساڵح ئینجە بوو. ئایا ساڵح تۆ دەتوانی شتێک دەربارەی زەحمەتی و ناخۆشی ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی فیدراسیۆن بگێڕیتەوە .

ساڵح ئینجە :

کۆمەڵی کورد ئەوکاتە نە لە خۆیی و نە لەپێویستییەکانی دڵنیا نەبوو. سەرەتا



کورد لە دەست پێکردنی خەباتی سیاسیدا لە سوید نامۆ بوو ، لەسوید وەک کوردستان نە بوو. چالاکیش لای هەموو کوردان وەک یەک نەبوو، زیاتر ئەو کوردانە چالاک بوون کە بە کاری سیاسییەوە خەریک بوون . بۆ کورد زەحمەت بوو یەکەم جار بتوانێ هەموو هێزی خۆی لە ناو مەڵبەندێکدا کۆ بکاتەوە. لە راستیشدا کاتێک من سەرۆکی فیدراسیۆن بووم ئەو تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشییانەمان لە دەوروبەری خۆمان زۆر دەبینی . تا توانیمان کۆنفرانسێک بگرین و هێزی خۆمان تیا کۆ کردەوەو کۆمەڵەکانمان یەکخست . ئیتر گەیشتینە ئەو بڕوایەی کەوا بەڕێوەبەرایەتی هاوبەش چارەسەری گیروگرفتەکانمان ناکات و پێویستە سەرۆکێکمان هەبێ ، دواییش خۆمان راهێنا لەگەڵ ئەو ناخۆشی و گیرو گرفتانەی لەسەر ڕێگامان بوو ن و کەوتینە هەوڵدان بۆ چارە سەرکردنیان .

هەرچەندە هێشتا گیروگرفت هەرهەیە ، چونکە هێشتا هەموو کۆمەڵە کوردییەکان بەتەواوی لەیەک مەڵبەندا کۆ نەبوونەتەوە . بەلام بەرەبەرە هەوڵی چارە سەرکردنی تەواوی ئەو گیرو گرفتانە دەدرێت .

**لارش گوننەر :**

وەک دەزانین نزیکەی ١٠-١١ هەزار کورد لە سوید دەژین . ئایا چۆن فیدراسیۆن نوێنەرایەتی ئەمان دەکات کە لە بەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستانەوە هاتوون .

**مەحموود کیپەر :**

من لەو بڕوایەدام ئەوە هەڵەیە گەر بڵێین چالاکی هەموو کوردێک وەک یەکە. چونکە هەموو کوردێک وەک یەک گرنگی ناداتە کۆمەڵ و چالاک نییە لەناو کۆمەڵدا . هەروەک دەبینین لەناو کۆمەڵگەی سویدیشدا لەو بارەیەوە وایە . بەلام فیدراسیۆن نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکات ، ئەگەرچی لە چالاکی و کاروباریشدا جیاوازییان هەبێت .

**حەنەفی**

من دەمەوێ بڵێم ئەوکوردانەی لە سوید دەژین ، لە چوار بەشی جیاوازەوە هاتوون، تورکیا، عێراق ، ئێران ، سوریا ، دواییش لە هەریەکێ لەو وڵاتانەدا زۆر کورد هەن کە هەر لە مێژەوە ئەشکەنجەو ئازار دراون و دەدرێن .بۆ نموونە لە تورکیادا ، لە بەشی کوردستانی خۆر هەلاتدا زۆر کورد هەن راگوێزراونەتەوە بۆ خۆرئاوای تورکیا . یان لە ئێراندا بۆ خۆر هەلاتی ئێران و لە عێراقدا بۆ خوارووی عێراق و هتد... زۆر کوردی تریش هەن بەو شێوەیە، هەروەها کوردەکانی لوبنانیش هەن .. ئیتر کاتێک

www.arsivakurdi.org

## هەفتەی کوردستان

# لەیادی دەساڵەی فیدراسیۆندا



ئیمساڵ١٩٨٩ دەساڵ تێپەڕی بەسەر دامەزراندنی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سویددا. بەم بۆنەیەوەو بۆ هاوکاری دەربڕین لەگەڵ گەلی کورد کۆمیتەی سویدی بۆ مافی کورد یارمەتی فیدراسیۆنیدا بۆ ئامادەکردنی هەفتەی کوردستان لە ستۆکهۆلم .

ڕۆژانی ٢٧و٢٨و١٩٨٩/١/٢٩ لە مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیای ستۆکهۆلم هەفتەی کوردستان سازکرا. لەو چەند ڕۆژانەدا کاری سەرەکی مۆزەخانەکە ناساندنی کولتوری نەتەوایەتی کورد بوو، کۆمەڵێ چالاکی جۆربەجۆر پێشکەش کران . سەدان کەس هاتن بۆ سەیرکردنی چۆنیەتی ژیانی کوردەواری و هونەرمەندانی کورد لە سویدو دەرەوەی سوید تابلۆکانی خۆیانیان پیشاندا، فیلمی ڤیدیۆو سلاید لە سەر کوردستان پیشانی ئامادەبوواندرا، شاعیرانی کورد ئێوارە شیعرێکی گەرمیان سازکرد، سیمینار لەلایەن کۆمیتەی سویدی بۆمافی کورد و لەلایەن گشت سەرۆکەکانی ئەم دەساڵەی فیدراسیۆن و لەلایەن د.عیسمەت شەریف وانلی یەوە پێشکەش کران . چاپخانەو دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کوردی و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکانی خۆیانیان هێنابوو بۆ پیشاندان ، دەیان وێنەو تابلۆی هەمەڕەنگی کوردستان و ژیانی کوردەواری وخەباتی پێشمەرگەکانی کوردستان و دڕندەیی دوژمنانی داگیرکەر دیواری ڕاڕەوەکانی مۆزەخانەکەیان داپۆشیبوو. ئێوارەیەکیش بە جۆرەها خواردنی کوردی فیدراسیۆن میوانداریتی ئامادەبووانی کرد.

یەکەم ڕۆژ پێشانگای هونەرمەندانی کوردبوو ، دووەم ڕۆژ بەسەرپەرشتی لارش گوننەر ئیرەکسۆن - ئەندامی کۆمیتەی سویدی بۆمافی کورد و بە ئامادەبوونی سەرۆکەکانی دەساڵی ڕابوردووی فیدراسیۆن کۆڕێکی گفتوگۆکردن لەسەر فیدراسیۆن و کوردی نیشتەجێی سوید ئامادەکرا، دوای ئەوەش ئەندامانی کۆمیتەی سویدی بۆ مافی کورد کۆڕێکی فراوانیان لەسەر کوردو کێشەی کورد و کاروباری کۆمیتەکەی خۆیان پێشکەشکرد.

## کۆڕێک بۆ یادی دەساڵەی فیدراسیۆن

ئامادەبووان/

١- لارش گوننەر ئیرەکسون

٢- کەیا ئیزۆل /سەرۆکی ئێستای فیدراسیۆن .

٣- ساڵح ئینجە /سەرۆکی پێشووی فیدراسیۆن .

٤-مەحموود کیپەر سەرۆکی پێشووی فیدراسیۆن.

٥-حەنەفی چەلەبلی / سەرۆکی پێشووی فیدراسیۆن .

٦-زناری خەمۆ / سەرۆکی پێشووی فیدراسیۆن .

لارش گوننەر :

وای بەباش دەزانم ئەم کاتە بۆ وتووێژو پرس و وەڵامەکانی فیدراسیۆن تەرخان بکەین . لە دەوروبەری من پێنج کەس لەو شەش کەسەی کەوا سەرۆکایەتی فیدراسیۆنیان کردووە دانیشتوون . لەلامەوە ، لای چەپەوە ،حەنەفی چەلەبلی ، لەملاترەوە کەیا ئیزۆل و لای راستیشمەوە مەحموود کیپەرو ساڵح ئینجەو زناری خەمۆ دانیشتوون، .ئێستا کەیا ئیزۆل سەرۆکی فیدراسیۆنە.

وەک هەموو دەزانن ئیمڕۆ دەساڵ بەسەر دامەزراندنی فیدراسیۆندا تێدەپەڕێت، لەماوەی ئەم دەساڵەدا فیدراسیۆن بەرەو پێشەوە چووە، هەرچەندە لەوانەیە بەبێ گیروگرفت نەبووبێت. فیدراسیۆن لە زۆر ڕووەوە ئاوێنەو ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی تایبەتی خۆیەتی .

من وام لا باشە کەمێ لەسەر مێژووی پێشکەوتنی فیدراسیۆن بدوێین ، بەڵام ڕەنگە باسەکەمان زیاتر لەسەر بارو ڕەوشی ئیمڕۆی کورد لە سوید بێت لەگەڵ چۆنییەتی پێش بینی کردنی ڕۆڵی داهاتووی فیدراسیۆن .

پیش ئەوەی بچینە سەر باسەکە دەمەوێت بەکورتی ئەوە بڵێم کەوا کۆمەڵە ، یان ڕێکخراوێکی بیانی چییە؟ بوونی فیدراسیۆن چییەو بۆچی پێویستە مرۆڤ فیدراسیۆنی نەتەوەی خۆی هەبێ و ئەم

www.arsivakurd.org

# کۆنفرانسی پاریس

## وەک گشت جاران هەڵەو کەمتەرخەمییەکان هی خۆمانن


کەیائیزۆل

سەرۆکی فیدراسیۆن


کۆنفرانسی پاریس کە لە رۆژانی ١٤و ١٩٨٩/١٥ دا سازکرا ، هێشتا لەناو کورداندا بە گەرمی باسی لێوە دەکرێت . زۆربەی ئەوکوردانەی تیایدا بەشدار بوون لە چەند خاڵێکدا خاوەنی بیروڕای هاوبەشن.

کۆنفرانس لە رووی ناوەڕۆک و ئاستی بەشداران، چ کورد چ بیانی ، جۆری دەنگدانەوەی لە ناو رای گشتی جیهانیدا ، هەنگاوێکی گرنگ و پێویست بوو . بەلاّم لە رووی ئامادەکردن و رێکخستن و بەڕێوەبردنەوە بەئاشکرا کەموکوڕی پێوەدیاربوو .

ئەو خاڵەی پێویستە باسبکرێ ئەمەیە کە ئەنستیتوی کورد لە پاریس بە پلەی یەکەم بەرپرسیاری کۆنفرانس بوو . ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە گرنگە لەلایەن ئەنستیتوتەوە کارێکی باشە ، بەلاّم خۆئامادەکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەکاتی کۆنفرانسەکەدا نەبوونە جێگای رەزامەندی . ئەو دوو بیرو بۆچوونەی لای سەرەوە پێکەوە گرێدراون . بەکورتی کارێکی باش و گرنگ ئەنجامدەدرێت ، بەلاّم ئەوکەسانەی بەو کارە هەڵدەستن دەزانن دەکەونە بەر رەخنەی توندو تیژ ، لەبەر ئەوە زۆربەی کات رۆڵی خۆیان لەدەست دەدەن .

هەڵبەت بۆ ئەوکەسانەی بەشدارییان نەکردبێ لە خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە زۆر بە ئاسانی دەتوانن رەخنە بگرن و لە پاشملە باسی کەموکوڕییەکان بکەن . بەلاّم بەلای منەوە ئەوە گرنگ نیە، بەڵکو ئیمرۆ ئەمە گرنگە ؛ ئایا بۆ ئێمە خۆمان دەخەینە ئەم بارەوە ؟ ئەمە پرسیارێکە بۆ هەمووومان . وەلاّمی ئەم پرسیارەو پرسیارەکانی لای سەرەوە لە باری ئاڵۆزاوی بزووتنەوەی میللەتی کوردستاندا خۆی حەشاردراوە کە ئەویش بریتییە لە باری سیاسی، باری رێکخراوە سیاسییەکان و جۆری پەیوەندییان بە رێکخراوە دیموکراتییەکانمانەوە .

ئەگەر سەبارەت بەچالاکییە نەتەوەییەکان ، لەناو رێکخراوەکانماندا پەیوەندی باش هەبن ، هەرکەس تەنیا بە کاری دیاریکراوی خۆیەوە خەریک بێت ، ئەوکاتە کارو بارەکانمان رێکوپێکترو ئەنجامی باشتریان دەبێ.

ئیمڕۆ ئێمە لە دژوارییەکی مەزنداین بۆ ئەوەی بتوانین خاوەنی کەموکوڕییەکان بناسین ، هەروەها پلاتفۆرمێکی نەتەوەییمان نییە تا لەناو چوارچێوەیدا کەموکوڕی و هەڵەی یەکتر چاک بکەین . ماوەیەکی بێ سەرو بێ سنور هەیە بۆ بەباشی لەیەکتر تێنگەیشتن .

ئایا چ هۆیەک هەبوو بۆ ئەوەی نوێنەرانی پارتی و رێکخراوەکان بەناوی پارت و رێکخراوەکانیانەوە ئامادەنەبن ؟ ئایا چ سوودێک هەبوو لەو فەرق و جیاوازییەی دەکرا لەنێوان ئامادەبوواندا ؟ ئایا بۆ بەرەسمی ناوی نوێنەرە کوردەکان نەدەخوێندرایەوە ؟ ئایا ئەوە کارێکی باش بوو کە هەندێ لە بەشداران لەبەر ئەوەی ناویان لە لیستەکەدا بە هەڵە تۆمار نەکرابوو بە هەزار پارانەوەو لالاّنەوە دەیانتوانی بچنە ناو هۆڵەکە ؟ پرسیاری لەم جۆرە گەلێکن ، بەلاّم پرسی هەرە گرنگ ئەوەیە ئایا دەوڵەتی فەرەنسا وای دەکرد یان بەدەستی کورد ئەنجامدەدران . من خۆم لەو باوەڕەدانیم کە نوێنەرانی دەوڵەتی فەرەنسا شتی وا پڕوپووچ لە کورد داوابکەن . بەتایبەتی لە کۆنفرانسێکدا کە تایبەت بێ بە کێشەی کوردەوە .

لەم حاڵەتەدا ، ئەمجارەش وەک گشت جاران هەڵەو کەمتەرخەمییەکان هی خۆمانن . هەڵبەتە ئەنجامی کاری وا بی مانا رۆڵی خراپی دەبێ لەرووی باوەڕ بەخۆبوون بۆ ئێمەی کورد . کورد دەبێ لەبەرامبەر میللەتی خۆیدا ، لەبەرامبەر ئەو دوژمنانەی کە بە میللەتمان نازانن ، لەبەرامبەر دۆستانی بیانیدا دەبێ بە گشت تواناوە هەوڵبدەین کە وەک میللەت، پێکەوە بەئاگاداری یەکتری هەنگاو بنێین ، نەک سەد لە سەد بە پێچەوانەوە بناسرێین .



www.arsivakurd.org

# بەیاننامەی کۆتایی هێنان بە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر مافی مرۆڤایەتی و کەسایەتی کولتوری کورد

بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی (فەرەنسای ئازاد"FRANCE- LIBERTES" و ئەنستیتوتی کوردی لە پاریس کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی لەسەر مافی مرۆڤایەتی و کەسایەتی کولتوری کورد لە ڕۆژانی ١٤و١٥/١٠/١٩٨٩ دا لە پاریس ئەنجامدرا. لەکۆتایی کارەکانیدا کۆنفرانس گەیشتە ئەم بڕیارانە .

کۆنفرانس باری تراژیدی گەلی کورد بۆ پاراستنی مافی کولتوری خۆی و بۆ پاراستنی مافە سیاسیی و دیموکراتییە ڕەواکانی لەو وڵاتانەی کە تیایدا دەژین ڕەچاو دەکات و ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕادەگەیەنێت .

× کۆنفرانس دەیەوێت لەڕێگای کۆمیتەیەکەوە بەردەوام بێت لەسەر کاروباری خۆی ، ئەم کۆمیتەیە پاراستنی مافی مرۆڤایەتی کورد لەو وڵاتانەی کوردی تێدا دەژی دەکاتە ئەرکی سەرەکی خۆی . ئەم کۆمیتەیە سەر بە ڕێکخراوی فەرەنسای ئازاد دەبێت و دەرگاش کراوەیە بۆ گشت ئەندامانی پەرلەمان .

× کۆنفرانس دەیەوێت کە نوێنەری گەلی کورد بۆ پەرلەمانی ئەوروپا و بۆ کۆمیتەی ڕاوێژی ئەوروپا و بۆ گشت کۆبونەوە گەورە نێونەتەوەییەکان دیاری بکرێت .

× کۆنفرانس داوا دەکات کە بەرێگای یاسا نێونەتەوەییەکان دروستکردنی چەکی کیمیایی قەدەخە بکرێت و پەیمانێکی نێو نەتەوەیی مۆربکرێ سەبارەت بە سزادانی ئابووری و ڕامیاری ئەو وڵاتانەی سەرپێچی لە یاسا نێو نەتەوەییەکان دەکەن و چەکی کیمیایی بەکار دەهێنن .

× کۆنفرانس داوا دەکات کۆمیتەیەکی کوردی دابمەزرێندرێت کە بتوانێ نوێنەرایەتی گشت کورد بکات وەک چاودێر لە کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان و لە کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا .

× لەسەر پێشنیاری پرۆفیسۆر ساخارۆف ، بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی نێونەتەوەیی کۆنفرانسەکەمان داوا لە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە لەسەر کێشەی کورد کۆبونەوەیەکی تایبەتی ساز بکرێ .

× باری دراماتیکی پەنابەرانی کورد سەرنجی کۆنفرانس ڕادەکێشی و کۆنفرانس بۆ هاریکاری چالاکتری مرۆڤانە دەیەوێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت لەگەڵ کۆمیتەی باڵای پەنابەران سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای لێبکرێ کە لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکرێت .

× کۆنفرانس ڕاگواستنەوەی کوردان تاوانبار دەکات و لە وڵاتانی خاوەن پەیوەندی دەخوازێت کە پەیڕەوی مەبدەئە بنەرەتییەکانی یاسا نێونەتەوەییەکان بپارێزن و لە کاتی پێویستدا یارمەتی مرۆڤایەتی پێشکەش بە کورد بکرێت.

× کۆنفرانسە کەمان سوورە لەسەر داواکردن بۆ جێ بەجێکردنی بڕیاری ژمارە ١٣١/٤٣ ی ڕۆژی ١٩٨٨/١٢/٨ ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان . کە ئەم بڕیارە ڕێگا دەدات بە وەفدە حکومییەکان یان وەفدە نا حکومییەکان کە بتوانن بەسەربەستی پەیوەندی بکەن بە ڕاگوێزراوەکانەوە .

# جەلال تالەبانی :

# ئێمە گوێ لە خۆفرۆشان ناگرین




ئێمە منەتباری ئەوکەسانەین کە ئەم کۆنفرانسەیان ئامادە کردووە، ئێمە زۆر سوپاسی دانیللا میتراندو بێرنارد کۆچنار دەکەین . فەرەنسا لەبواری ئاشتی و ئازادی و دیموکراسیدا خاوەنی عورف و عادەتێکی دێرینە . وەک گەلێکی ۳۰ سی ملیۆنی ژێر دەستە ، ئێمەش مافی قسەکردنمان هەیە . ئێمە باوەڕمان بە دیموکراسی هەیەو دەتوانین گوێ لە هەموو کەسێک بگرین .تەنانەت دەتوانین گوێ لەو کەسانەش بگرین کە فەرەنسا و رای گشتی جیهانی بە تاوانباری جەنگ لە قەڵەمیان دەدات . .

گەلی کورد منەتباری مادام میتیراندەو هەرگیز چاکەی ئەو لەبیر ناکەین . من تا مردن باشی ئەوم لەبیرناچێت .

بەڵام من دەمەوێت بە گەلی فەرەنسای خۆشەویست رابگەیەنم کە ئێمە ناتوانین دەست بەرداری بەها مرۆڤایەتییەکانی خۆمان بین ، بۆ سیاسەتێکی بازرگانانە ناتوانین دەست لەمافی مرۆڤایەتی خۆمان هەڵگرین . حکومەتی عێراق تەنیا زەغت بۆ سەر ئەم کۆنفرانسە ناهێنێ ، بەڵکو لەهەموو شوێنێک کار دەکات بۆ خنکاندنی دەنگی کورد و دەیەوێت جیهان هەر بە بێدەنگی بمێنێتەوە و تاوانەکانی خۆی بە داپۆشراوی بهێڵێتەوە .

ئیمڕۆ لە جیهاندا لەسەر کێشەی جۆر بەجۆر لەهەموولایەکەوە دەنگ بەرز دەبێتەوە، بەڵام کە باس دێتە سەر کێشەی کورد هەموو کەڕوبێدەنگ دەبن .

گوندەکانمان بە بلدۆزەرو بۆمبا وێرانکران ، سیاسەتی بەعەرەبکردن بەردەوامە....

ئەگەر کۆنسولی عێراقی خۆی بێت بۆناو کۆبونەوەکە، ئێمە ئامادەین کە گوێی لێبگرین ، بەڵام ناتوانین گوێ لە خۆفرۆشان بگرین ، ئەوان لەلای کورد بە جاش ناودەبرێن ،ئەوان شەریکە تاوانی دوژمنمانن.

با کونسولی عێراق بێت و قسەبکات، ئێمەش گوێی لێدەگرین . بەلام ئەگەر خۆفرۆشێک بێت و قسەبکات ئێمە لێرە دەچینە دەرەوە

# تاوانێک دژی گەلی کورد

لە کۆنفرانسی پاریس‌دا حەوت کوردی کوردستانی تورکیا بەشدارییان کردبوو کە ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتی تورکیان (SHP) و نوێنەری ئەو پارتییەن لە پەرلەمانی تورکیادا......

بەڵام دوای گەڕانەوەیان بۆ تورکیا سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی تورکیا ئەردال ئینۆنۆ بڕیاری دەرکردنی هەر حەوت ئەندامە کوردەکەی داوە کە ئەمانەن: ئیسماعیل هەقی ئۆنال، کەنعان سوێنمز، عەدنان ئەحمەن، مەحمود ئەلیناک، ساڵح سومیر، مەحمود عەلی ئەرین و ئەحمەد تورک. شایانی باسە کە ئیبراهیم ئاقسۆی کە ئەویش هەڤاڵی ئەوانە و ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بوو ماوەیەک لەمەوبەر لە پارتی دەرکرابوو چونکە بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئەوروپایی کردبوو لەسەر کوردی تورکیا دوابوو.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، رۆژی ۱۹۸۹/۱۱/۲۹ نامەیەکی نارد بۆ گشت ئەندامانی پەرلەمانی سوێدی و تکای لێ‌کردبوون کە دەنگی نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەم کارە بەرزبکەنەوە و پشتگیری ئەو کوردانە بکەن کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیان.

شایانی باسە ئێستا لە تورکیا چ لەناو ریزەکانی پارتی سۆسیال دیموکرات و چ لەناو خەڵک‌دا بە تایبەتی لە کوردستاندا خەڵک بە ئاشکرا نارەزایی و بێزاری خۆیان دەردەبرن بەرامبەر بەم کارە نادیموکراتیە.

www.arsivakurdi.org

# گفتو گۆی نێوان بێرنارد کۆچنار و جەلال تالەبانی

لە دووەم رۆژی کۆنفرانسەکەدا سەرۆکی کۆبوونەوەکە رایگەیاند کە رێگا دەدرێت بە وەفدێکی حکومەتی عێراقی بۆ ئامادە بوون و قسە کردن ، لە بەرامبەر ئەوەشدا عێراق رێگا دەدات بە وەفدێکی پەرلەمان کە بە سەرۆکایەتی دانیللامیتیراند بچن بۆ سەردانی عێراق . وەفدی عێراق بریتی بوو لە بەهادین ئەحمەد و حسێن رەشوانی و وەرگێرێک .

بیرنارد کوچنار ، سەرۆکی کۆبوونەوە داوای لە کۆنفرانس کرد کە رێگا بدەن بە وەفدی عێراقی بۆ هاتنە ژوورەوەو بۆ قسەکردن . بەلاّم گشت نوێنەرە کوردەکان بە توندی دژی ئەم داخوازییە راوەستان . لەسەر ئەم مەسەلەیە گفتوگۆیەک هاتە ئاراوە ، ئێمە لێرەدا گفتوگۆی نێوان جەلال تالەبانی و بیرنارد کۆچنار بلاّو دەکەینەوە

## بێرنارد کۆچنار:

# دۆست و دوژمنی خۆتان تێکەلٚ مەکەن

دەمەوێ ئەوەبخەمەوەیاد کە وەفدی عێراقی لێرە رۆیشتوون ، نایەن و قسەناکەن . من دوو قسەم هەیە ، لە هەستی ئێوە تێدەگەم . بەلاّم ئایا گەر لە بۆچووندا جیاوازی هەبێ نابێ



مرۆڤ گوێ لەیەکتری بگرن ؟ ئایا پێویست نییە مرۆڤ گوێ لە خەلّکی خراپیش بگرێ ؟ دەزانم ئەمە ئێوە دەرەنجێنێ بەلاّم هەروەها بۆ دانیللا میتران و ئەنستیتوی کوردی لەپاریس ئەوەندە ئاسان نەبوو کە ئەم کۆبوونەوەیە لە فەرەنسا سازبکرێ.

چەند گفتوگۆ لەسەر کورد بکرێ زیاتر پێشدەکەوین ، گلەییمان لێ مەکەن، چیمان لەدەست بێت دەیکەین دەزانم کە بەهاتنی چەند سەدکەسێک گیرمەو کێشەی پەنابەران چارەسەر ناکرێ، بەناردنی چەند دکتۆر ناتوانرێ بریندااران چارەسەربکرێن . گەلێک لەنێوان پێنج ولاتدا دابەشکراوە ، چارەسەرکردنی کێشەی گەلێکی وا ئاسان نییە . بەلاّم ئەوەش لەیاد مەکەن ئەگەر شتێکی بچوکیش بکرێ ئەوا نیشانەی پشتگیریکردنە لەلایەن ئەم ولاتەوە .

تکاتان لێدەکەم دۆست و دوژمنی خۆتان تێکەلٚ مەکەن . تکاتان لێدەکەم تێبگەن کە ئامادەکردنی ئەم کۆنفرانسە بۆ ئێمە زۆر زەحمەت بوو . ئەمە سەرەنجامی چەندین سالّی دۆستایەتییە . لەیاد مەکەن کە دۆستایەتی بەردەوامی ئێوە لە ولاّتی ئێمە گەلێک دژواری لەگەلٚ خۆی دێنێت . بیر لەوە بکەنەوە کە بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە گوێداری کردن لە دوژمنێک کاریگەریتی خۆی دەبوو ، دەبووە هەنگاوێک . لەدواییشدا نەک لەبەر ئەوەی ئێوە رەفزتان کرد بەلّکوخۆیان نەیانویست

# تۆماس هەماربێری :

## ئەم پەرش و بلاوییە مرۆڤ دەترسێنێت

ئیمرۆ من لێرە نوێنەرایەتی کۆمیتەی سویدی بۆمافی کورد دەکەم . ئەم کۆمیتەیە لە نوێنەرانی هەشت پارتیی سویدیی و نیقابەکان پێک هاتووە . لێرەدا راپۆرت پێشکەش ناکەم ، دەمەوێت باسی هەندێک شت بکەم .

زەحمەتە بتوانین مەسەلەی کورد بخەینە ناو بەرنامەی کاری کۆبونەوە نێونەتەوەییەکان و هەروەها زەحمەتە بتوانین لەناو رێکخراوە بالاْکاندا باسی ئەم مەسەلەیە بکەین . چونکە تا ئێستا حکومەتەکان هیچ کاتێک بە شێوەیەکی جیددی و لەسەر ئاستێکی بەرز لەم مەسەلەیە نەکۆلیونەتەوە .

پێش هەمووشتێک ، ولاْتانی ناوچەکە لاوازن و لەسەر پێ ی خۆیان نەوەستاون ، ناوچەکەش لەرووی ئاشتی جیهانییەوە ناوچەیەکی بێ ئارامە.

لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبێت هەمووکەسێک هوشیاری ئەوەبێت کە دەست نەخاتە کاروباری ولاْتانی تر.دەنا کاریگەرێتی خراپی دەبێ ، بۆ نمونە سەیری ولاْتانی ئەفریقا بکەن چۆن ئەم مەسەلەیە بەردەوام کاریگەرێتی هەیە.

بەلای گشت ولاْتانەوە باوەڕێک هەیە کە هیچ ولاْتێک ڕێگا نادات بە جیابوونەوەی پارچەیەکی لێی . کوردستانیش تەنیا لەیەک ولاْتدا نییە، هەروەها مەسەلەی نەوتیش لە ئارادایە ، ولاْتانی ئۆپیک زۆر بەهێزن .ئەوان دۆستی گرنگی رۆژئاوان و رۆژئاوا لە رەنجاندنیان دەترسێت . هەلْبەت مەسەلەیەکی تریش هەیە کە باسکردنی کێشەی کوردئالۆزدەکات ، ئەویش ئەوەیە کە کێشەی کورد ئەوەندە مەزنە لە کاتی باسلێکردندا پەیوەندی بەچەند حکومەتێکەوە دەبێت .شتێکی تریش لێرەدا مەسەلەی ستراتیژی رێکخراوە کوردییەکان و ستراتیژی دۆستەکانیان هیچ کاتێک کاریگەرێتیان نییە. راست یان چەوت رێکخراوە کوردییەکان تا ئیمڕۆ داخوازی هەمووشتێک دەکەن ، هەمووشتێک خواستن ، سەربەخۆیی داواکردن لەسەرەتاوە، ئەم داخوازییە گەورانە ولاْتانی تر دەترسێنێت . هەروەها دیسان سەبارەت بە ستراتیژ ئەم رێکخراوە کوردییانە لەیەکتر دوورن ، یەکگرتوونین . ئەم لەیەک دووربوونەش مرۆڤ دەترسێنێت . بەتایبەتی کە کاتێک باسی مافی مرۆڤ دێتە پێشەوە ئەم پەرش و بلاْوییە مرۆڤ




دەترسێنێت .

لێرەدا دەبێت گفتوگۆکردن دوو لایەنی بێت ؛ مافی مرۆڤایەتی و مافی چارەنووس .

بەلاْم لەبەر ئەو هۆیانەی باسم کردن هێشتا هەل و مەرجی گفتوگۆکردن پەیدانەبووە، کاتێک دێینە سەر باسکردنی ئەم مەسەلەیە دەبینین کە کەموکوڕی زۆرن ،زانیاری کەمن، زانیارییەکان بەدەستی دووەم پێمان دەگات . ئەو زانیارییانەی گەیشتونەتە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشی ئەوەناکەن کە کەگفتوگۆی تایبەتییان لەسەر بکرێتەوە .

بۆ مەسەلەی مافی مرۆڤ سێ لایەنی گرنگ هەیە؛

١. حالْەتەکە و تۆمارکردنی .

٢. میکانیزمی نێونەتەوەیی و بەکارهێنانیان .

٣. بەکارهێنانی ئەنجامەکانی میکانیزمە نێونەتەوەییەکان .

کاتێک کە ئێمە باسی مافی مرۆڤایەتی کورد دەکەین ئەم سێ خالْە لاوازن، کەمن ، دەبێت خەبات بکەین ، دەبێت کار بکەین بۆ ناردنی وەفد بەبەردەوامی ، زانیاری کۆبکەینەوەو پێش کۆنفرانسی ستۆکهۆلْم ئەم کارانە ئەنجام بدەین. دۆستە ئینگلیزەکانمان لە مانگی یەک و دووی سالْی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی لەم جۆرە ئەنجام دەدەن. ئەم کارانە زۆر گرنگن، دیارە کۆنفرانسێکی وا تەنیا بە بەیاننامەیەک و بروسکەناردن تەواونابێت ، بەلاْم ئەمە دەبێتە بنگە بۆ داهاتوو. کارلە ئیمڕۆ بەدواوە دەست پێدەکات . ئەگەر ئێمە بتوانین تۆڕێکی نێونەتەوەیی دروست بکەین وستراتیژ دیاری بکەین و میکانیزمە نێونەتەوەییەکان بخەینە جولْە ، ئەو کاتە کار دەڕوات . بەم شێوەیە دەتوانین مەسەلەکە بگەیەنینە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان ، دەبێت نەفەس درێژ بین .لەماوەیەکی کەمدا ناتوانین مافی نوێنەرایەتی کردن لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەدەست بهێنین ،بەلای منەوە ئەمە واقیعی نییەو ، لەتوانادا نییە. هەروەها زەحمەتە بتوانین وا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین کۆبونەوەیەکی تایبەتی لەسەر کێشەی کورد ئەنجام بدات .

بەلاْم بۆ بزواندنی دەنگی رای گشتی جیهانی ،لەماوەیەکی کورتدا، دەتوانین گەلێک شت بکەین ، بۆ نموونە دەتوانین لەڕێگای کۆمسیۆنی مافی مرۆڤەوە کاربکەینە سەر ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە حکومەتان نین . بۆ یارمەتیدانی پەنابەرانی کورد لە ئێران و تورکیا دەتوانین لەڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسارییەی بالاْی پەنابەران دەتوانین زۆر شت بکەین .من دەمەوێت کۆمیتەی پشتگیری نێونەتەوەیی – کە لێرەدا دادەمەزرێنرێت – ئەم کارانە ئەنجام بدات .

بۆ ئەوەی بتوانین کێشەی کورد بخەینە ناو بەرنامەی کاری رێکخراوە بالاْکان ، دەبێت ستراتیژییەکی کاریگەر ئامادەبکرێت و بێگومان لەم بارەیەوە کاری هەرە گەوەدەکەوێتە ئەستۆی ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە حکومەتان نین .

www.arsivakurd.org

# پرۆفیسۆر هینریک

بەلجیکا

دەمەوێت باسی کارەساتی هەلەبجە بکەم ، کەمن بە قەلاچۆکردن ناوی دەبەم . نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانی سەردانی ئەوێ بکات ، بەئێمەیان وت و چوین . من کە خۆم لە کامپی نازییەکاندا دیل کراوم ، کاتی خۆی دژی نازییەکان لەگەڵ فەرەنساییەکان خەباتمان کردووە من بەدیل گیرام ، لەدەرەوە هەرچی نامەو دیارییەکمان بۆ بهاتایە نازییەکان لە زەرف و پاکەتەکانیان دەردەهێناو زەرف و پاکەتی بەتاڵیان بۆ فرێدەداین . مانای وابوو کە خاچی سوور بەکەڵکی هیچ نایەت . رای من وایە کە باس دێتە سەر باسکردنی مافی مرۆڤ و هەژاری و ناخۆشی لە جیهاندا ئەو وتەیەی سەرەوە راست دەردەچێت . تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆمم هەیە ، چونکە کە لای نازییەکان دیل بووین خاچی سوور هیچی نەدەکرد . لەوەڵامی پرسیاری وەزیری دەرەوەی بەلجیکادا ، عێراق گوتی کە چەکی کیمیاوی بەکار نەهێنراوە . ئیمرۆش هەمان قسە دەکەن . مانگی یەک کە لە فەرەنسا ، بە دەستپێشکەری میتیراند کۆنفرانسێکی جیهانی سازکرا سەبارە بە چەکی کیمیایی ، هەموو ئامادەبووان لەدژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی پەیماننامەیەکیان ئیمزا کرد . لە ئەنگۆلا کوباییەکان گازی کیمیایی بەکار دەهێنن کە گازەکە هی سۆڤییەتە . ئەمە دووڕوییە. نەتەوە یەکگرتووەکانیش هیچ ناکات . بۆ؟! چونکە لە نەتەوەیەکگرتووەکان کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان مافی دەنگدانیان نییە ، ئەوان ناتوانن دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە . بەلاّم " فەرەنسای ئازاد" ئەم کارە دەکات من بەر لە هەموتان پیرۆزبایی لە چاونەترسییان دەکەم ، پیرۆزبایی لە فەرەنسا دەکەم کە تا ئێستا یەکەم ولاّتی ئەوروپایە توانیویەتی کۆنفرانسێکی لەم چەشنە ئامادە بکات

ئەوکاتەی هەندێک نموونە کەوتنە بەردەستمان و کارمان لەسەر کرد (نانی ژەهراوی لە ئۆردوگای ماردین – وەرگێڕ) ، بە تەلەفون پرسیارم لە باڵوێزخانەی تورکیا – لە بەلجیکا کرد . گوتیان شتی وا لە تورکیادا روونەداوە ، ئەوە بوختان هەڵبەستنە . دەمەوێ باسی ئەوەتان بۆ بکەم ئەم مەسەلانە چۆن دەقەومێن ، بەداخەوە تەکنۆلۆژیای ئەوروپا کە دەفرۆشرێت ، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیای ولاّتی منیش (بەلجیکا) دەزانین کە لە عێراق و لیبیا ئەمباری گەورە گەورەی ژەهرو چەکی کیمیایی هەن .بە سەدان هەزار تەن لە ئەوروپاوە فرۆشراوە بە ولاّتانی رۆژهەلاّتی ناوەراست .

لەسەر مەسەلەی کورد چی بوو ؟ داوایان لێ کردین بڕۆین بۆ هەڵەبجە . چونکە نەتەوەیەکگرتووەکان نەیتوانی بچێت ، من رۆیشتم عێراق رێگای نەداین بەئێراندا تێپەڕین . کە گەیشتینە هەڵەبجە عێشتا عەموویان نەمردبوون . دەستمان کرد بە ژماردنی مردووەکان و . . ٣٥ سێ هەزارو پێنج سەد کەسمان ژمارد عێراق سێ جۆر بۆمبا ی کیمیایی بەکار دەهێنێ . دوای تەقینەوە دەتوانرێ بزانرێ کام جۆرەبووەو لە چ جۆرە ماددەیەکی کیمیایی دروست کراوە . بەهۆی پێستی مرۆڤە بەرکەوتووەکانەوە بۆمان ئاشکرا بوو کە جۆرێکیان سیانیدە ، پێش ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ئوتومبیلەکەی بخاتە کار بەم ژەهرە دەمرێ . جۆرێکی تریان فوسفۆر بوو گازی (ئەعصاب)ی تێدایەو لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەڵمانییەکان بەکاریان هێنابوو ئەڵمانییەکان باش ئەم گازە دەناسن چونکە لە کامپی نازییەکاندا لەسەر دیلەکان تاقیکرابۆوە ، ئەم گازە لە نێوان ٥ تا ١. دەقیقەدا مرۆڤ دەکوژێت . ئەوی تریان ( ئیپیریت)ە کە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەکار هێنرابوو ، دیسان ئەڵمانییەکان زۆر سەربازی فەرەنسایی و بەلجیکیان بەم چەکە کوشت . کاتێ ئەم هەرسێ گازە تێکەڵ دەکرێن کەس لێی رزگار نابێ. چونکە دەبێتە ژەهرێکی یەکجار کوشندە و ساڵەهای ساڵ کاریگەرێتی دەمێنێ . دۆزینەوەی شوێنەواری ئەم گازانە لە هەڵەبجەدا ئاسان بوو . لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە عێراق ئەم گازانە بەکار دەهێنێ .

لە نەخۆشخانەی (GAN) لە بەلجیکا خەریکی چارەسەرکردنی چەند کوردێکی بریندار بووین ، دەمانویست بزانین ئایا چیمان پێ دەکرێت ، هەندیکیانمان رزگار کردو هەندێکی تریشیان مردن .

من راپۆرتم نارد بۆخافییر پیریز دیکویلاری سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ جنێف .بەلاّم دەمەوێ بڵێم تائێستاش هیچ جارێک لەبەر ئەم تاوانە عێراق تاوانبار نەکراو سزا نەدرا .

بە هێلیکۆپتەر بەسەر گوندەکاندا گەڕاین ، خۆ تەنیا هەڵەبجە نەبوو ، لەو گوندانەی بەسەریاندا تێپەڕبووین تەنیا یەک کەس مابوو ، ئەویش لەبەر هێرشی سوپای عێراقی نەمانتوانی لە گوندەکان بنیشینەوە ، ناچار گەراینەوە .

لەهەڵەبجە چی قەوما بوو " ئەو سێ جۆر گازە خەڵکێکی زۆر زۆری کوشت ، زۆربەیان بە پاس بران بۆ ئێران ، رێگا ٢٤ سەعات بوو ، نیوەی برینداران هەر لە رێگا مردن ئەوکاتە هیچ دەرمان و ئامێری تایبەتیمان نەبوو . ئەوانەی نەخۆشخانەکانیش نەیاندەزانی چی بکەن . کورد، ئەی کوردینە لەوێ میللەتەکەتان قەلاّچۆ کرا ، ٦٠٪ی ئەوان منالاّن و دایکەکانیان بوون .

کە دێینە سەر ئەنجامی ئەم رووداوە دەمەوێ باسی دووڕوویی جیهان و ترسنۆکی ولاّتان بکەم . بۆ؟ دوای جەنگی دووەمی جیهانی دادگای نۆرنبۆرگ دامەزرێنراو لەسەر کوشتاری قەرەج و جوولەکە هیتلەر تاوانبار کرا ، ئەوە کارێکی پێویست بوو ، بەلاّم ئیتر کەس باسی قەلاّچۆکردن ناکات . دەتوانرێ خەڵک بکوژرێ ،بە گاز تۆوی مرۆڤ ناهێڵن بێ ئەوەی بدرێن بە دادگا . ئەمە تراژیدیایەکی مەزنە . ئەگەر بمانەوێ مافی مرۆڤ جێبەجێ بکرێ دەبێ لە (مافی ژیان)ەوە دەست پێ بکەین .

کەمێکیش باسی سەختی باری چارەسەرکردنی برینداران بکەم ، تێکەڵەی ئەوسێ گازە زۆر بەگران چارەسەر دەکرێت ، دەبێ مرۆڤ تەواو زانابێ بۆ چارەسەرکردنی برینداران . ئەم تێکەڵەیە ٦٠٪ی برینداران دەکوژێ . سوپاسی رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان دەکەم ، چونکە زۆر کاری ئێمە لەرێی ئەوانەوە بەڕێوەبرا ،چونکە بەداخەوە حکومەتەکان لەم رووەوە هیچیان نەکرد. من داوام لە ولاّتانی ئەوروپا و ئەمریکا کرد کە ڤیزا بدەن بە برینداران بۆ ئەوەی بێن بۆ چارەسەرکردن ، ئینگلستان و بەلجیکا و ئەمریکا ڤیزایان نەدا چونکە ئەوە" کێشەیەکی سیاسییە" ئێوە دەزانن ئەم وەلاّمە چ مانایەکی هەیە ، ئەمریکاو سۆڤییەت و ئەنگۆلا و ئەفریقای باشوور و ئەم سیاسەتە ، واتا لەشەڕدا دەتوانن بەئارەزووی خۆتان رەفتار بکەن ، دەتوانن بە گاز خەڵکی بکوژن و کەس دەنگ ناکات ،. لەبەر ئەوە کاری رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان گەلێک سەختە.

www.alsiwarkurd.org

# ژیری لابەر

سەرۆکی گروپی چاودێری هلسنکی لە ئەمریکا .




پێش ئەوەی بگەمە پاریس بۆ ئامادەبوون لەم کۆنفرانسەدا ، دەمگوت لەوێ قسە ناکەم ، بەڵکو تەنیا گوێ دەگرم ، چونکە هاوڕێیانی خاوەن تاقیکردنەوەو پسپۆڕان لە مەسەلەی کورددا لەوێ زۆرن . بەڵام کە گوێم لە ئێوە گرت ئەوەندە هەستم بزواوە کە خۆم بۆنەگیراو فیکری خۆم گۆڕی و منیش دەمەوێ چەند شتێک بڵێم ، چونکە تراژیدییای گەلی کورد سەرسامی کردووم ، مێشکم راوەساوە ؛ قەڵاچۆ کردن ، ئەشکەنجە ، ژەهر دەرخوارد دان ، چەکی کیمیایی ، گرتن ، نەفی کردن ، باری کامپی پەنابەران ، سیاسەتی وڵاتانی رۆژهەڵات لەدژی پەنابەران ، قەدەغەکردنی زمان و مۆسیقاو کولتور ی کوردی ، وێرانکردنی گوندو بازێڕان . هەروەها ئەم کۆبونەوەیە بۆخۆی سەرسامی کردووم من لە ژیانی خۆمدا ئەوەندە کوردم لە یەک شوێندا نەدیبوو ، پشتگیریکردنی دەوڵەتی فەرەنسا بۆ ئەم کۆبونەوەیە کاری تێکردووم ، بەڵکو ئەمە هەنگاوێکی باش بێت . بەڵکو ببێتە هیوایەک دژی قەڵاچۆکردنی گەلی کورد .

رێکخراوەکەی ئێمە رێکخراوێکی مرۆڤایەتییە . ئێمە لەسەر مافی مرۆڤ راپۆرت دەربارەی وڵاتان دەنووسین و بڵاویان دەکەینەوە .

تا ئێستا رێکخراوەکەمان لەسەر باری کوردی رۆژهەڵاتی تورکیا کاریکردووە، بەڵام لەمەودوا بایەخی زیاتریش دەدەین بە باری کوردی عێراق و ئێران و سوریاو سۆڤییەت .

# پیتەر گالبرایس

ئەندامی کۆمیتەی گفتوگۆکردن لەگەڵ دەرەوە لە سەناتی ئەمریکا .



لەسەر دلاوای کۆمیتەی گفتوگۆکردن لەگەڵ دەرەوەی سەناتی ئەمریکا لەساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٧ دا من دووجار چووم بۆ کوردستانی عێراق بینیم کە لەبەر سیاسەتی عێراق لەو ساڵانەدا باری ئەوێ چەند ناخۆش بووە .

لە ساڵی ١٩٨٨ دا سەبارەت بە بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە عێراق من راپۆرتێکم ئامادەکرد لێرە زۆر بەکورتی باسی ئەنجامی ئەو راپۆرتە بکەم . بەڵگەی زۆر ئاشکرا بەدەستمانەوەیە کە چۆن لە ئابی ١٩٨٨ دا لە عێراق چەکی کیمیایی بەکار هێنراوە ، چەکی کیمیایی بەشێک بوو لە سیاسەتی سوپای عێراقی . گوندو شارۆچکەکان وێرانکرابوون بۆ ئەوەی چۆڵیان بکەن ، دانیشتوانی ئەو شوێنانە لەژێر کۆنترۆڵی لەشکردا نەفی دەکران بۆ شوێنی تر، تیرۆر هەبوو ، چەکی کیمیایی لە ٤٩ گوند بەکار هێنرابوو بەڵام ئەم ژمارەیە لەدواییدا زیاتر بوو . هەندێک کورد رایانکردو چوون بۆ تورکیابەڵام لەسەر سنوور قوربانییەکان بە دەیان هەزار بوو . بێدەنگی مەرگ رەشماڵی خۆی لە سەر کوردستانی عێراق هەڵدا . حکومەتی عێراق لەبەرامبەر قسەکانی ئێمەدا بێدەنگ بوو لەگەڵ گەلێک کورد قسەمان کرد ،هەموو یەک شتیان دووبارە دەکردەوە ؛ لە ئابی ١٩٨٨ دا فڕۆکەکانی عێراق هێرشیان کردە سەر گوندەکانیان و هەر فڕۆکەیەک سێ یان چوار بۆمبای کیمیایی فڕێدایە خوارێ ، بۆمباکان زۆر بێدەنگ بوون ، بۆنی سیرو تەماتەی رزیوو و سێوی لێدەهات . پاش ئەوە ژیان راوەستا ، باڵندەکانیش مردن . پاش بۆردومانکردن سەربازە عێراقییەکان بە ماسکەوە دابەزینە ناو گوندەکان و کەوتنە دەستڕێژ کردنی ئەوانەی هێشتا مابوون . لە دواییشدا بە بلدۆزەر تەرمەکانیان کردن بەژێر داروپەردووی خانووە کاولکراوەکانیانەوە .

لەگەڵ زۆر کورد دواین ، لەگەڵ پێشمەرگە ، لەگەڵ منداڵان ، لەگەڵ ژن و پیرەمێردان . شاهید وەک خۆڵ بوون . ئێوە دەزانن کە تیپێکی تەلەفزیۆنی بەریتانی بە دزییەوە چوون بۆ کوردستانی عێراق و لە ژێر خاکەوە پارچەی بۆمباکانیان دەرهێنا، واتە بەڵگەی چەکی کیمیایی .

بەرای من دەرهەق ئەم تاوانە هەرە مەزنە بەڵگە هەیە . لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دا هەشت گروپی لێکۆڵینەوە گەیشتنە هەمان ئەنجام .

وەزیری دەرەوەی عێراق ، تاریق عەزیز ، کە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقیشە دانی بەوەدا ناوە کە چەکی کیمیایی بەکار هێنراوە .

بۆ ئەوەی بتوانین دژی عێراق کارێک بکەین ، دەبێ ئەمریکاو ئەوروپا پێکەوە خەریکی ئەم مەسەلەیەبن و فشار بەرن

www.arsivakurd.org

# نادری نادرۆف

## ئەندامی ئەکادیمیای زانیاری ئەلمائاتا


ئێمەی کوردی سۆڤییەت پڕ شاد و بەختیارین بەوەی کوردی هەموو لایەکان لەگەڵ سۆڤییەت و نوێنەرانی ٢٦ وڵات لەپاریس کۆبوونەتەوە بۆ باسکردنی کێشەی کوردان . بەناوی کوردی سۆڤییەتەوە گەلێک سوپاسی دانییللا میتراند و " رێکخراوی فەرەنسای ئازاد "و ئەنستستوی کورد لە پاریس دەکەم بۆئامادەکردنی ئەم کۆنفرانسە .

ئەگەر من بە کورتی باسی کوردی سۆڤییەت بکەم دەبێت بێژم کە رێگای ئەوان بەردەوام دەشت نەبووە ، بەڵکو چاڵ هەبووە ، قۆرت هەبووە، شایی هەبووە شین هەبووە . پاش شۆرشی ئۆکتۆبەر گشت میللەتانی یەکێتی سۆڤییەت گەیشتنە ئازادی خۆیان ، کوردیش . لە دەستووری بنەڕەتی سۆڤییەتدا تۆمار کرا کە میللەتانی سۆڤییەت یەکن ، گشت بران ، وەک یەکن . لە ساڵی ١٩٢٣ دا بە هاوکاری لینین لە ئازەربیجاندا کوردستانی سۆڤییەت دامەزرێندرا کە پایتەختەکەی شاری لاچین بوو . قوتابخانەی کوردی کرانەوە رۆژنامەو کتێب بەکوردی چاپکران ، نووسەرانی کورد بە زمانی خۆیان دەیاننوسی ، تیاتری کوردی دروست بوو ، ئەمانە هەموو بۆکوردان شایی بوون .بەلاّم شاییەکەمان زۆری نەخایاند ، لە ساڵی ١٩٢٩ " کوردستانی سۆڤییەت " هەڵوەشێندرا ، قوتابخانە کوردییەکان داخران ، راستە کە لە یەریڤان رۆژنامەی کوردی " ریاتازە" دەرچوو ، یەکێتی نووسەرانی کورد دامەزرێندرا، قوتابخانەی کوردی کرانەوە، لە رادێودا پرۆگرامی کوردی بلاو دەکرایەوە . بەلاّم گەورەترین کۆست کەوتنی کوردان لە ساڵانی ١٩٣٩ تا ١٩٤٤ بوو ، زۆربەی کوردی قەفقاسیا راگوێزرانەوە بۆ ئاسیای ناوەراست و کازاخستان لەوێش لەیەک شوێن دانەنران ، بەڵکو هەر گوندو هەر خێزانێکیان فڕێدایە شوێنێک . یەکێک لەوانە من بووم . باوکم نەمابوو ، دایکم بە بێوەژنی بە نۆ منالّەوە شەڕی بەژیان دەفرۆشت . رۆژێک هاتن و گوتیان خۆتان ئامادەکەن سبەینێ دەگوێزرێنەوە ، بۆکوێ ؟ چیمان بەسەردێت؟ نازانین ! بۆ سبەینێ سواری ماشێنیان کردین و مانگ و نیوێک بەرێگاوە بووین ، لە کۆتاییدا لە کازاخستان دایانبەزاندین . خوێندنی سەرەتاییم لەوێ تەواو کرد ، کاتێ کە داوای خوێندنی بەرزترم کرد گوتیان تۆ مافی ئەوەت نییە لێرە بخوێنی . تۆ نەفی کراویت ! پێم گوتن" ئەی دەستوور ناڵێت هەموو میللەتان وەک یەکن ، مافی کارکردن و خوێندنیان هەیە ؟ ئەی ئێمەش هاووڵاتی سۆڤییەت نین ؟ گوتیان نا ئێوە مافی خوێندنتان نییە. ئێمە ٢٠ ساڵ لەیەک گوند ژیانمان بەسەربرد ، رێگایان نەدەداین بگوێزینەوە بۆ گوندێکی تر . نامەم نارد بۆ ستالین کە دەمەوێت بخوێنم ، وەلامم بۆ هات کە دەتوانم بخوێنم بەلاّم لە شارۆچکەیەکی بچووک . چوومە شارۆچکەیەک ، خوێندم . کە لە ساڵانی نێوان ١٩٥٦ - ١٩٦٠ دا حوکمی نەفیکردن لەسەرمان لابرا ، چوومە مۆسکۆ ، لەوێ خوێندنی بەرزم تەواو کرد .

بەم جۆرە کوردی سۆڤییەت لەیەکتری داپچڕێندران ، بلاّوکرانەوە . ئێستا لە ٩ کۆماری سۆڤییەتیدا کورد هەن . لە هەر گوندێک پێنج ماڵ ، شەش ماڵ ، دە ماڵ .

ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کورد زمانی خۆیان لەبیر بچێ ، کولتوری خۆیان لەبیر بکەن ، مێژووی خۆیان لەبیر بکەن . ئێوە بۆ خۆتان دەزانن کە زمان خوێنی میللەتە ، جەرگی میللەتە ، مێژووی میللەتە . کوردێ کە زمانی خۆی نەزانێ " ببوورن " ئەوە نیوە کوردە . بۆ نموونە ، چووم بۆ تورکمانستان ، بۆناو کوردەکان ، بەلاّم زمانی خۆیان بیر کردبوو ، لەگەڵم یان بە تورکمانی یان بە رووسی قسەیان دەکرد .

پەرەسترۆیکا لە ساڵی ١٩٨٦ دا دەستی پێکردووە ، سوودی زۆری بۆ میللەتانی سۆڤییەت و بۆ کوردیش هەیە . ئەمڕۆ سێ ساڵە کورد لە سۆڤییەت دەتوانن داخوازییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو ، دەتوانن بڵێن کە دەیانەوێت بە زمانی خۆیان بخوێنن ، دەیانەوێت پێشبکەون ، کاریش دەکەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان . بۆ نموونە لە ٢٠/ئایاردا نوێنەرانی کورد لە نۆ کۆمارەوە لەمۆسکۆ کۆبوینەوەو بۆ رۆژی دوایی سەرکردایەتی وڵات رێگایان پێداین و چوینە لایان ، داخوازییەکانی خۆمان پێ راگەیاندن . ئەمە یەکەمجارە شتی وا روودەدات ، یەک مانگ پێش ئێستاش کۆبوونەوەیەکی کوردان هەبوو لەو کۆبوونەوەیەدا باسی هەموو ئەو زوڵم و زۆردارییە کرا کە دەرهەقی کورد لە حەفتا ساڵی رابوردوودا ئەنجامدرابوون .

بەڵکو ئێوەش بیستووتانە کە هاوڕێ گۆرباچۆف لە وتارێکیدا گوتبووی " دەبێت میللەتانی سۆڤییەت پێش بکەون ، بۆ نموونە گەلێ زیان گەیشتووە بە کوردو تەتار ، دەبێت رێگای پێشکەوتنیان لەبەردەمدا بکرێتەوە ".

لەم دووساڵەی دواییدا چی کراوە؟ بۆ نموونە لە کازاخستان ٥..... کورد هەیە کە زۆربەیان لە دەوروبەری شاری ئەلمائاتا دەژین . ئەوە دووساڵە کچ و کوڕی کوردی کازاخستان بە کوردی دەخوێنن . کتێبی کوردی هەیە ، تیاتری کوردی هەیە ، تیپی هەڵپەڕکێی کوردی هەیە ، کۆمەڵەیەکی کوردی لە کازاخستان دامەزرێندراوە ، هەروەها بڕیار وایە کە لە مۆسکۆ مەڵبەندێکی کولتوری کوردی دابمەزرێندرێت . لە تەبلیس جمو جۆڵێکی باش هەیە .

هیوادارین کە کوردی سۆڤییەت بەیەکەوە خەبات بکەن ، دیسان هیوای هەرە مەزنمان ئەوەیە کە کورد هەموو یەکبگرن و بۆ پێشخستنی میللەتی کورد پێکەوە تێبکۆشین.

www.arsivakurdi.org

# هیلینا قاسملو

خێزانی شەهید د عەبدولرەحمان قاسملو

سەبارەت بەتاوانی کوشتنی قاسملۆ حکومەتی نەمسا هیچ ناکات ، زانیاری پێشکەش ناکات بو دادگا ، بەو هیوایەم رۆژێک تۆڵەی ئەوان بسێندرێ و عەدالەت جێی خۆی بگرێ ، پێویستە ئێمە کاری بۆبکەین .

ژیانی قاسملوو نیشانەبوو بۆ ئەڤینداری ئەو بۆ مرۆڤ و رێزگرتن لە مافی مرۆڤایەتی لەپێناوی ئەو ئەڤینداری و رێزگرتنەیدا ئیمڕۆکە ئەو لەناوماندا نییە .لەسەر کێشەی کورد بێدەنگییەکی مەزن هەیە .ئیمڕۆ ئەو بێدەنگییە دەشکێندرێت . هۆی ئەم بێدەنگی شکاندنەش خەباتی کوردە کە خەباتی قاسملو بەشێک بوو لەو خەباتە.

لەئێران ، رەفسنجانی دەستەلاتی خستە ژێر چنگی خۆی ، بەلاْم شەهیدکردنی قاسملوو نیشانەیە بۆ ئەوەی کە رەفسنجانی لایەنگری دیموکراسی و ئازادی نییە. زۆر زەحمەتە ئیمڕۆ مرۆڤ بتوانێ پێشبینی پاشەرۆژی ئێران بکات ، بەلام دهتوانین چەند شتێک بلێین ؛ دەشێ دوو سیناریۆ هەبن ، یەکەم ئەوەیە کە لەناو جەمهوری ئیسلامیدا جۆرە لیبرالیزمییەک ، جۆرە ئازادییەکی کەم سەرهەلْبدا هەندێ لە یاسا وشکەکان هەلْبوەشێنرێنەوە . بۆنموونە رەنگە ئیجازە بە چەند پارتییەک بدرێت . رێگا بدرێت بە گەشەکردنی کەرتی تایبەتی ، هاتووچۆکردن بۆ دەرەوەی ولاْت ئاسانتربێ ، هەندێ سەربەستی بدرێ بە ژنان لەرووی جل و بەرگ پۆشینەوە. گفتوگۆ لەگەلْ رۆژئاوا نەرمتربێت . بەم شتانە جەمهوری ئیسلامی دەتوانێ تاماوەیەکی تریش خۆی رابگرێ . رەفسنجانی دەتوانێ سیاسەتێکی وا بگرێتە بەر ، بەلاْم تائێستا سێ ئاستەنگی لەبەردەمدا بوو . یەکەم ، خومەینی بوو کە ئێستا نەماوە ، دووەم هەندێک ئایەتوڵلا .سێیەم بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی خوازی کورد ، کە رەفسنجانی دەیەوێت بە کوشتنی سەرکردەکان ئەم بزوتنەوەیە بێ سەر بکات .

بەلْێ بە هاتنی لیبرالیزمی وردە وردە ناوەڕۆکی ئیسلامی دەڕەوێتەوە

سیناریۆی دووەم ناکۆکی و شەڕی خۆبەخۆی ئایەتوڵلاکانە . دەشێ ناکۆکی نێوانیان تەشەنە بکات و ببێتە هۆی دروست بوونی شەڕی نێوخۆ لە نێوان دوو گروپدا ، بەمەش رێگا خۆش دەبێ بو هاتنی دیکتاتۆریی تەواو . بەلاْم هاتنەدی ئەم سیناریۆیە بەڕای من ئیحتمالی کەمە . هەلْبەتە ئیمڕۆ رژێم لە ئێران لاواز



بووەو لە کێشەدایە . بەلاْم راستییەکی تریش هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە نە لەتاران و نە لە جێگایەکی تری ئێران بەدیل بۆ رژێم نییە . لەئێران ،چ لەڕووی لەشکری و چ لەڕووی پشتگیری لێکردنی میللەتەوە بەهێزترین رێکخستن پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە ئەو توانای لاواز کردنی حکومەتی هەیە. کوردی ئەوێش ١٧٪ی دانیشتوانی ئێرانن لەبەر ئەوە کورد بەتەنیا ناتوانن ببن بە بەدیل بۆ حکومەت بەلاْم یەکێتی گشت هێزە دیموکراسیخوازەکان دەشێ ببێتە بەدیل . ولاْت پێویستی بە ئازادی و ئاشتی و ئاسایشە . ئەگەر گشت ئێرانییەکان بتوانن لەسەر ئەم داخوازییانە بگەنە یەک بەرەبەرە بۆ گشت گەلانی ئێران دیموکراسی مسۆگەر بکرێ ، ئەوکاتە هەموشتێک بەرەو باشی دەڕوات . تاوانەکەی ڤییەننا ئاشکرای کرد کە تا ئەم شتە (دیموکراسی بۆ گشت ئێران - بەربانگ) نەهێنرێتەدی کورد ناتوان ئۆتۆنۆمی وەدەست بخەن .

کاتێ کەمن باسی یەکگرتنی موعارەزە دەکەم ، هیوادارم بەهەلە لێم تێ نەگەن ، من دەزانم کە ئیمڕۆ هەموو کەسێک دەخوازێ یەکگرتن هەبێ لەناو کورد بۆخۆیان و لەگەلْ هێزەکانی موعارەزەی ئەو ولاْتانەی کە کورد لێیان دەژێت . دەزانم کە هەندێک لەسەر ئەوبیرورایەن کە دەبی ( بێ جیاوازی ) لەنێوان گشت هێزەکانی موعارەزەدا یەکگرتن هەبێ . بەلاْم خەلکینە ئایا ئەمە دەلوێ ؟ ئەگەر مرۆڤ دیموکرات بێ دەبێ سنگی فراوان بێ ، دەبێ لەئاستی هاوولاْتیانی خۆی و بیرورای جیاواز جیاوازدا دەبێ سنگ فراوان و دلْکراوە بێ .بەلاْم دیموکرات خواز هەرگیز ناتوانێ لەگەلْ ئەوکەس و لایەنانە یەکبگرێ کە نەلەدوورو نە لەنزیک پەیوەندییان بە دیموکراسییەوە نییە . هۆ ناتوانێ شوێنی ئامانج بگرێت . موجاهدینی خەلق لافی ئەوەلێدەدەن کە رێز لە دیموکراسی دەگرن بەلاْم چوارسالْ هاوکاریکردنی پ.د.ک.ا ئاشکرای کرد کە موجاهیدین سنگ فراوان نین . ناتوانن تەحەمموللی بیرو راو بۆچوونی تر بکەن . بەزۆر شێوە وتیان ئێمە تەنیا لەبەردەمی خوادا بەرپرسیارین نەک لەبەردەمی هاوکارەکانمان . ئەگەر ئێوە لە پراکتیکی ئەوان سەرنج بدەن دەبینن لەنێوان ئەوان و جەمهوری ئیسلامیدا جیاوازییەک نییە . دەشێ هاوکاریکردن لەگەلْ ئەوانە ئەنجامی خراپی هەبێ .

شانشینی ؛ ئێوە دەزانن کە کوڕی شا داوای شانشینی دەکات . لەئێراندا شانشینی بنگەیەکی بەهێزو سیاسی نییە هێزی بنەرەتی ئەوان بریتی بوو لە لەشکری ئێران ، ئەو لەشکرە لەم دەسالْی دواییدا داوەشێنرا . شانشینی لە ئێران وەک ئینگلستان و سوێد نابێ . لەئێران هەموو کاتێک شانشینی دەبێتە دیکتاتۆری ، دیکتاتۆریش ناتوانێ بنگەیەکی میللی بۆخۆی پێکەوەبنێت . لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەو دیکتاتۆرییە دەبێتە لیستکێک (یارییەک) بەدەست هێزەکانی دەرەوە . لەمێژووی هاوچەرخدا ، دەزانین چۆن شای ئێران دەستی تێکەلاْو بوو لەگەلْ روسیای قەیسەری و بەریتانا و ئەمریکا. شانشینی دژی ئازادی و سەربەخۆییە . هەروەها شانشینی ئیمپراتۆرییە، حوکمی مەرکەزییەو دژی ئۆتۆنۆمییە ، چونکە ئۆتۆنۆمی دوورکەوتنەوەیە لە دەسەلاْتی مەرکەز

www.arsivakurd.org

# دانیێللا میتیران



من دڵخۆش و سەربڵندم کە (فەرەنسای ئازاد) توانای خۆی بەکار هێنا بۆ سازکردنی ئەم کۆنگرەیە . بۆ پاراستنی کەسایەتی کورد ، چەندین ساڵە شان بەشانی دۆستە کوردەکانمان کار دەکەین . بە ئامادەکردنی ئەم کۆنگرەیە ( فەرەنسای ئازاد ) پەیمانی خۆی هێنایە جێ.

لە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/١. دا لە یادی چل ساڵەی دەرچوونی بەیاننامەی مافی مرۆڤ لە کۆبونەوەیەکدا وتبوومان کە سەدەی بیست ویەک لەرووی ئازادی و مافەکانەوە سەرکەوتوو دەبێ.

ئەو ڕوداوانەی بەسەر گەلی کورددا دێن زۆر دڵگرانمان دەکەن . بەڵام شادمان بەوەی کە فەرەنسا ڕێگای دا بە وەرگرتنی چەند سەد پەنابەرێکی کورد . ئەو پەنابەرانە بەسەر شارەکانی ناوەراستی فەرەنسادا دابەشکراون و بۆ دابین کردنی ژیان و گوزەرانیان چیمان لەدەست بێ درێغی ناکەین .

ئیمرۆ گفتوگۆکردن لەسەر مافی مرۆڤایەتی و کەسایەتی کولتوری گەلێکی ٢٥ ملیۆنی یە. دڵشادم ، بەڵام خەمگینیشم چونکە پێش یانزە مانگ ، لەکاتی ڕاگەیاندن بۆ سازکردنی ئەم کۆنگرەیە لە گەلێک شوێنەوە دەنگی پشتگیری بەرز بوونەوە ، بەڵام ئیمرۆ دەبینین کە زۆربەی ئەوانە ئێستا لەناوماندا نین . ئیمساڵ زۆر باسی مافی مرۆڤ کرا ، دەبوایە بۆ ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ ئێرە قەرەباڵغتر بوایە .

من نەفرەت لە چەک و توندو تیژی دەکەم ، من لەوباوەڕەدام گەر توانای مرۆڤ بە ڕەوایی بەکار بهێنرێ دەتوانرێ بۆ خۆراگرتن بەکار بهێنرێ .

## هێلینا ساخارۆف

( خێزانی ئەندریە ساخارۆف



لە یەکێتی سۆڤیەت چاپەمەنی لەسەر کوردان گەلێک کەمە. کۆمەڵگای سۆڤیەتی کۆمەڵگایەکی داخراوە .بەداخەوە وەک پێویست مەسەلەی کورد لە سۆڤیەت دەنگی نەداوەتەوە

لە سۆڤیەتیش کوردی ڕاگوێزراو هەن بەڵام کوشتاردزیان نەکراوە . سەرەڕای ڕاگوێزان و دوورخستنەوەش گەلی کورد توانیویەتی کەسایەتی خۆی بپارێزێ. بەڵام دەبێ دانی پێدابنرێ کە بۆ پاراستنی کولتووری خۆی کورد دوچاری گیروگرفت بووە.

لە سۆڤیەت کوردی یەزیدی هەن کە ڕێبەرانی سۆڤیەت باسی کێشەی ئەوانیان نەکردووە.

لەدەرەوە وا دەزانرا کە لەناو سۆڤیەتدا گشت کێشە نەتەوایەتییەکان وگیروگرفتە بنەڕەتییەکانی ژیان چارەسەرکراون .بەڵام ئیمرۆ وڵاتێکی هەڵوەشاوو بەسەریەک کەوتومان لەپێش چاوانە .

گەر دۆستایەتی بخەینە لایەک، لەناو گەلانی سۆڤیەتدا دوژمنایەتیش هەیە . بەپێی ئاماری ڕەسمی ئیمرۆ لە سۆڤیەت ٤٠ چل ملیۆن کەس بە کولەمەرگی و هەژاری دەژین . زۆربەی گەلان لەم ڕاستیە تێگەیشتوون ، بەداخەوە ئیمرۆ هەموکەسێ دەیەوێت بێت بۆ ڕۆژئاوا، ڕۆژئاواش ئازە دەیەوێت لەسۆڤیەت تێبگات . باری کوردان لە سۆڤیەتیش لە زۆر ڕووەوە گرێدراوە بە باری گشتییەوە



کورد لە سوریاو لوبنان .

پرۆفیسۆر نادر نادرۆف بابەتی کورد لە یەکێتی سۆڤییەت .

LARS GUNNER ERIKSON بڕیاربوو باسی کورد لە ئەوروپا بکات بەڵام ئامادەی کۆبونەوەکە نەبوو .

محەمد ڕەشید بەناوی ئەو پەنابەرانەی بەدەستپێشکەری دانیللا میتیراند لە کامپەکانی تورکیاوە هێنراوون بۆ فەرەنسا ، قسەی کرد .

١٩٨٩/١٠/١٥

لەم ڕۆژەدا کۆبوونەوەکە بە سەرۆکایەتی "BERNARD KUOCHNER" سکرتێری دەوڵەتی فەرەنسا و بەرپرسیاری کاروباری مرۆڤایەتی بوو .

PATRICK BAUDOIN سەرۆکی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ .

WILLIAM EAGLATON باڵوێزی کۆنی ئەمریکا لە بەغدادو دیمەشق ، نووسەری کتێبی کۆماری مەهاباد .

PETER GALBRAITH ئەندامی کۆمسیۆنی کاروباری دەرەوەی سەناتی ئەمریکا و سەرۆکی وەفدی ئەمریکی لە دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی .

PROFES0R HEINDRYX توکسیۆلۆگ /بەلجیکا .

JERRY LABER سەرۆکی گروپی هلسنکی لە ئەمریکا .

GWYNNE ROBERTS ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیزە کە پسپۆڕە لە کێشەی کورددا، یەکێک بووە لە نوێنەرانی تەلەفزیۆنی بەریتانی کە بە نهێنی چوبوونە کوردستانی عێراق و پاشماوەی بۆمبا کیمیاییەکانیان لەژێر خاکدا دۆزییەوەو پیشانی جیهانیاندا ، ئەم باسی ئەو کارەی کرد لەگەڵ باسکردنی دەرمانخوارد کردنی پەنابەرانی کامپی ماردین .

DR.BERNARD GRANDJON , DR FLORENCE VEBER ئەم دوو دکتۆرە باسی ئەو دکتۆرانەیان کرد کە چونەتە کوردستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگەی بریندارو خەلکی بێچەکی کورد .بەپێی قسەی ئەمان تا ئێستا ٢٠٠ دووسەد دکتۆر چوون بۆ کوردستانی ئێران .

سەلیم فەخری / دیموکراتخوازێکی عێراقی

.د. حەبیب بللوز / نوێنەری یەکێتی نووسەرانی عەرەب .

حسین عەلی ئەحمەد / وەزیری پێشوو / جەزایر .

کەریم لاهیجي / سەرۆکی کۆمیتەی پارێزەرانی ئێرانی / سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤ .

حەسەن شەریفی / بابەت لەسەر کورد لە ئێران .

SERVER TANELLI پرۆفیسۆر لە زانکۆی STRASBOURG / بابەتێک لەسەر کورد لە تورکیا .

محەمد عەلی ئەیبەر / سەرۆکی پێشووی پارتی کرێکارانی تورکیا / نەهاتبوو بۆ کۆنفرانسەکە چونکە حکومەتی تورکیا پاسپۆرتەکەی لێ سەندبوو .

کەمال بورکای / بابەتی کورد بەگوێرەی سیستەمی یاسایی تورکیا . بەگشتی باسی ئەو مادە یاساییانەی تورکیای کرد کە کۆسپن لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیات و کولتوری کوردی . لەباسکردنی ڕەقابە لەسەر ئەو چاپەمەنییانەی باسی کورد دەکەن ئەم تەنیا باسی گۆڤاری "ozgur gelecek " " پاشە ڕۆژی ئازادی " کرد .

عەلی ئکبابا / بابەت لەسەر باری زیندانەکانی تورکیا .

RENE- JEAN DUPUY پرۆفیسۆر لە کۆلیجی فرانسە / بابەت لەسەر کێشەی کورد لە بواری نێو نەتەوەییدا.

LORD AVEBURY سەرۆکی گروپی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی بەریتانیا.

CLABORNE PELL سەرۆکی کۆمسیۆنی کاروباری دەرەوەی سەناتی ئەمریکا .

THOMAS HAMMARBERG / نوێنەری کۆمیتەی سویدی بۆمافی کورد .

هێلینا ساخارۆف / خێزانی ئەندرییە ساخارۆف ، بەناوی هاوسەرەکەیەوە قسەی کرد.

*تێبینی / ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بە کرمانجی ژوورو نوسراوە*

www.arsivakurdi.org

# مەزنترین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی

*ئامادەکردنی / س . ڕێڤینگ*
*نوێنەری بەربانگ لە کۆنفرانسی پاریس دا*

بە دەستپێشکەری ڕێکخراوی فەرەنسای ئازاد (FRANCE-LIBERTES) و ئەنستیتوی کورد لە پاریس لە ڕۆژانی ١٤و١٥/١٠/١٩٨٩ دا لە پاریس لەسەر مافی مرۆڤایەتی و هەویەی کولتوری کورد کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی ئەنجامدرا. لە (٢٦) ولاتەوە نوێنەران هاتبوون ، سەرۆکی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش بەشداری کۆنفرانسەکە بوون .

هەروەها وەفدێک بەناوی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێدو نوێنەرێکی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارەش ئامادەبوون .

دانیێلا میتراند ، بێرنارد کۆچنەر،هێلینا ساخارۆف ، جەلال تالەبانی ، هێلینا قاسملو، م.س.لازارێف ، سامی عەبدولڕەحمان ،حەسرەتییان ، سەرهاد دیجلە، نادری نادرۆف ، د.مەحموود عوسمان ، پیتەر گالبرایت ، ڕەسوڵ مامەند، لۆرد ئەڤیبوری ، عیسمەت شەریف وانلی ، پاتریک باوردین ، حەسەن شەریفی ، ژێری لابیر و کلایبورنا پیێل لەناو نوێنەرەکاندا بوون .

لە ڕۆژانی ١٤و١٥/١٠/١٩٨٩ دا لە پاریس ، بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی فەرەنسای ئازاد و ئەنستیتوی کورد لە پاریس ، لەسەر مافی مرۆڤایەتی و هەویەی کولتوری کورد کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی ئەنجامدرا هەر لە سۆڤییەت و بولگارییەوە بگرە تا ولاتە عەرەبییەکان و تورکیا تا دەگاتە ئەمریکا . لە ٢٦ ولاتەوە ئەندامانی پەرلەمان ، پرۆفیسۆران ، سەرۆک و نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد ،ڕۆژنامە نووسان ، هەموو پێکەوە دوو ڕۆژ لەسەر باری ئیمڕۆی کوردی هەر چوار پارچەکە ی کوردستان ، لەسەر مافی مرۆڤایەتی و هەویەی کولتووری کورد .پەیڤین.

دوای گفتوگۆکردن و وتار خوێندنەوەی نوێنەران لە کۆتاییدا کۆنفرانس بەیاننامەیەکی دەرکرد کە لەلایەن گشت نوێنەرانەوە پەسەند کرا .

ئەندرییە ساخارۆف یەکێک بوو لە دەعوەت کراوەکان ، بەڵام لەبەر نە خۆشی نەیتوانیبوو بەشداربێت ، لە بری ئەو هێلینا ساخارۆفی خێزانی پرۆفیسۆر ساخارۆف هاتبوو بۆ کۆنفرانسەکە و نامەیەکی لەلایەن ساخارۆف ی هاوسەرییەوە هێنابوو کە لە کۆنفرانسەکەدا خوێندییەوە .

پرۆگرامی کۆنفرانسەکە بەم شێوەیە بوو ؛
١٤/١٠/١٩٨٩

یەکەم ڕۆژ بەسەرۆکایەتی "LORD AVEBURY "سەرۆکی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ ی سەر بە پەرلەمانی ئینگلتەرە، کۆنفرانس کرایەوە .

MAXIME RODINSON بابەتی نەتەوەو کەمایەتی لە ئیسلامدا .

کەندال نەزان بابەتی مێژووی کورد .

DR. MARTIN VAN BRUINESSEN (کورد ناس) بابەتی کۆمەڵی دێرینی کوردو دەوڵەت . ئەم دکتۆرە خۆی نەیتوانیبوو ئامادەی کۆنفرانسەکەبێت ، بەڵام ووتارەکەی ناردبوو لەبری ئەو DR.JOYCE DE WANGEN خوێندرایەوە .

بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی . ئەم لەسەر زمانی کوردی و زاراوەکانی بە کورتی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی قسەی کرد

بۆ دوای نیوەڕۆ DANIELLA MITTERAND بوو بە سەرۆکی کۆبونەوەکە.

ئیبراهیم ئاقسۆیی ( ئەندامی پەرلەمان لە تورکیا) بابەتی کورد لە تورکیا / ئەم بەدوورو درێژی باسی باری کوردی تورکیاو چۆنیەتی چاککردنی باری ئەوان دوا . جگە لە ئیبراهیم ئاقسۆیی حەوت کوردی تری کوردستانی تورکیا کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیان ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون هەرچەندە پارتییەکەیا ن پارتی سۆسیال دیموکراتی تورکیا SHP و سەرۆکی پارتییەکەیان ئەردال ئینونو لەدژی هاتنی ئەوان بوون .

عێلینا قاسملو ( خێزانی شەهید د.قاسملوو) بابەتی باری کورد لە ئێران .

د. مەحموود عوسمان بابەتی باری کورد لە عێراق . د.مەحموود بە دوورو درێژی باسی باری ئیمڕۆی کوردستانی عێراقی کرد و باسی دڕندەیی ڕژێمی عێراقی کرد، باری ناهەموارو دژواری کوردی ئەم پارچەیەی کوردستانی خستە بەر چاوی ئامادەبووان . باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ڕاگواستنەوەو سیاسەتی بەعەرەبکردنی کرد داوای لە گشت ولاتان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان و کەسانی بەشەرەف کرد کە پشتگیریی گەلی کورد بکەن .

د. عیسمەت شەریف وانلی بابەتی

www.arsivakurd.org

## لەم ژمارەیەدا:


بەشی کرمانجی ژووروو لەگەڵ بەشی دملی «زازایی».
لاپەرە ٣-٣٤

کرمانجی خواروو

٦٥ کۆنفرانسی پاریس
٦٣ وتاری دانیللا میتران
٦٢ وتاری هێلینا قاسملو
٦١ وتاری نادری نادرۆف
٦٠ وتاری ژیری لابەر و پیتەرگالبرایس
٥٩ وتاری تۆماس هەماربێری
٥٨ گفتوگۆی نێوان جەلال تاڵەبانی و بێرنارد کۆچنار
٥٥ بەیاننامەی کۆتایی‌هێنان بە کۆنفرانسی پاریس
٥٤ کۆنفرانسی پاریس...... کەیا ئیزول
٥٣ لە یادی دەساڵەی فیدراسیۆندا
٤٦ کۆمیتەی زیندانییان
٤٥ پریسترۆیکا و باری ژیانی کوردەکانی سۆڤیەت......
د جەمشید حەیدەری.
٤٣ گۆشەی تەندروستی...... لوت گیران
٤١ بەرەو فۆلکلۆری کوردی...... فەخرەدین گەردی
٣٨ نامەی کوردستان



# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە
لە سوێد

بەرپرسیار
**کەیا ئیزول**

سەرنووسەر
**دارا رەشید**

دەستەی نووسەران
**ئاسی رەباتی ئاسۆ گەرمیانی**
**م. مایی میرهەم یەگیت**
**خەلیل دهۆکی ن. کریف**
**س. ریڤینگ**

ئابونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان ٢٠٠کرۆنی سوێدییە

دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە ئیمزای خاوەنەکانیان بلاودەکرێنەوە.

**ناونیشان:**

BERBANG
Box 45205
104 30 STOCKHOLM

**تەلەفۆن:**

08- 668 60 60

**پۆستگیرۆ:**

64 38 80-8

**ژمارە ٦١ ساڵ (٨)**
**نۆڤەمبەری/ ١٩٨٩**





www.arsivakurdi.org


March
1988
HALABJA
Against the use of chemical weapons
Protest
هەڵەبجە ـ گرافیک ـ ج. کوردۆ
J. kurdo

لەیادی دەساڵەی دامەزراندنی فیدراسیۆندا

# بەربانگ

ژمارە ٦١ — گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد — ساڵ «٨»



## مەزنترین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر کولتورو کەسایەتی کورد